حکومەتی هەرێمی کوردستان/ عێراق
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی بالاَ و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سلێمانی
کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان
بەشی کۆمەڵناسی

# کاریگەری مۆبایل لەسەر ڕەفتاری کۆمەڵایەتی هەرزەکار

توێژینەوەیەکی مەیدانییە ، پێشکەش بە بەشی کۆمەڵناسی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان کراوە وەک بەشێک لە پێداویستیەکانی بەدەست هێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە کۆمەڵناسیدا

ئامادەکردنی :
نیان خالد محمد
ڤیان عمر علی

سەرپەرشتیار :
م . ی . ئارام علی فرج

(٢٠١٠)ی زاینی (٢٧١٠)ی کوردی

وَقُلِ اعْمَلُوا فَسَيَرَى اللّٰهُ عَمَلَكُمْ وَرَسُولُهُ
وَالْمُؤْمِنُونَ وَسَتُرَدُّونَ إِلَى عَالِمِ الْغَيْبِ
وَالشَّهَادَةِ فَيُنَبِّئُكُمْ بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ

**صدق الله العظيم**

**سورة التوبة الاية (١٠٥)**

## سوپاس و پێزانین :


- سوپاس بۆ کردگاری گەورە .
- مامۆستای یاریدەدەر (ئارام علی فرج) دەکەین کە ئەرکی سەرپەرشتیکردنی ئەم توێژینەوەیەی گرتە ئەستۆی خۆی .
- سەرجەم مامۆستایانی بەشی کۆمەڵناسی کە هاوکارمان بوون لە بەئەنجام گەیاندنی ئەم توێژینەوەیەدا .
- سەرجەم ئەو کەسانەی کە بەسەرچاوەیەك یان تەنها وشەیەك هاوکاریان کردوین .

خوێندکاران

ڤیان ، نیان

**پێشکەشە بە :**

- **(دایـك) و (بـاوك) و بـراو خوشـکەکانمان کـە هـەوڵی زۆریـان لەگەڵ داوین تا گەیشتوین بەم ئاستە .**
- **بە (شاکار) و (ئالان) .**
- **سەرجەم هەرزەکارانی کۆمەڵگەی کوردی .**
- **بەهەموو ئەو خێزان و مامۆستاو رۆشنبیریانەی کە هـەوڵ ئـەدەن بۆ پێگەیاندنی هەرزەکاران بە شێوازێکی تەندروست.**
- **بە مامۆستای بەڕێزو ئازیزمان (ئارام علی فرج) .**

**خوێندکاران**

**ڤیان ، نیان**

## ((پێڕست))


| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| أ | ئایەتی قورئان |
| ب | سوپاس و پێزانین |
| ج | پێشکەشە بە |
| د — هـ | پێڕست |
| و — ز | پێڕستی خشتەکان |
| ز | پێڕستی پاشکۆکان |
| ١ –٢ | پێشەکی |
| ٣ | بەشی یەکەم : دیاری کردنی چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە |
| ٤ | باسی یەکەم : کێشەو گرنگیو ئامانجی توێژینەوە |
| ٥ | یەکەم: کێشەی توێژینەوە |
| ٦ | دووەم: گرنگی توێژینەوە |
| ٧ | سێیەم: ئامانجی توێژینەوە |
| ٨ | باسی دووەم : دیاری کردنی چەمکە زانستیەکان |
| ٩ | یەکەم : کاریگەری |
| ١٠ | دووەم : مۆبایل |
| ١١ | سێیەم : ڕەفتاری کۆمەڵایەتی |
| ١٢ | چوارەم : هەرزەکار |
| ١٣ | بەشی دووەم : قۆناغی هەرزەکاری و کاریگەری مۆبایل لە سەر ڕەفتاری کۆمەڵایەتی هەرزەکار |
| ١٤ | باسی یەکەم : قۆناغ و گۆڕانکارییەکانی تەمەنی هەرزەکار |
| ١٥ – ١٦ | یەکەم : ماوەو قۆناغەکانی هەرزەکار |
| ١٧ – ١٨ | دووەم : باڵقبوون و نیشانەکانی |
| ١٩ – ٢٢ | سێیەم : گۆڕانکارییەکانی تەمەنی هەرزەکار |
| ٢٣ | باسی دووەم : مێژووی مۆبایل و کاریگەرییەکانی مۆبایل لەسەر ڕەفتاری کۆمەڵایەتی هەرزەکار |
| ٢٤ — ٢٥ | یەکەم : مێژووی مۆبایل و مێژووی مۆبایل لە کوردستان |

| | |
|---|---|
| دووەم : بوارەکانی بە کارهێنانی مۆبایل و زیانەکانی | ٢٦ — ٢٨ |
| سێیەم : کاریگەری مۆبایل لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی | ٢٩ — ٣١ |
| چوارەم : کاریگەری مۆبایل لەسەر ڕەفتاری کۆمەڵایەتی هەرزەکار | ٣٢ — ٣٥ |
| بەشی سێیەم : هەنگاوە پراکتیکیەکانی توێژینەوە | ٣٦ |
| باسی یەکەم : ڕێبازو بنەماکانی توێژینەوە | ٣٧ |
| یەکەم : ڕێبازی توێژینەوە | ٣٨ |
| دووەم : کۆمەڵگای توێژینەوە | ٣٨ |
| سێیەم : نموونەی توێژینەوە | ٣٩ |
| چوارەم : سنوری توێژینەوە | ٣٩ |
| پێنجەم : ئامرازە ئاماریەکانی توێژینەوە | ٣٩ |
| شەشەم : ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری | ٤٠ |
| حەوتەم : گریمانەکان | ٤٠ - ٤١ |
| باسی دووەم : خستنە ڕووی ئەنجامەکانی توێژینەوە | ٤٢ |
| یەکەم : خستنەڕووی زانیاریەکان | ٤٣ - ٥٧ |
| دووەم : ئەنجامەکان | ٥٨ - ٥٩ |
| سێیەم : سەلماندنی گریمانەکان | ٦٠ |
| چوارەم : پێشنیارو ڕاسپاردەکان | ٦١ |
| پێنجەم : سەرچاوەکان | ٦٢ — ٦٧ |
| شەشەم : پاشکۆکان | ٦٨ — ٧٥ |

## ((پێڕستی خشتەکان))


| ژ | بابەت | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | ڕەگەزی تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە ڕوون دەکاتەوە | ٤٣ |
| ٢ | ئاستی تەمەن دیاری دەکات | ٤٣ |
| ٣ | ئاستی خوێندن دیاری دەکات | ٤٤ |
| ٤ | شوێنی نیشتەجێبوون دیاری دەکات | ٤٤ |
| ٥ | جۆری نیشتەجێ بوون دیاری دەکات | ٤٥ |
| ٦ | ئاستی ئابووری خێزان دیاری دەکات | ٤٥ |
| ٧ | ژمارەی ئەندامانی خێزان دیاری دەکات | ٤٦ |
| ٨ | ئاستی خوێندەواری باوک دیاری دەکات | ٤٧ |
| ٩ | ئاستی خوێندەواری دایک دیاری دەکات | ٤٨ |
| ١٠ | هۆکاری بەکارهێنانی مۆبایل لەلایەن تاکەکانی نموونەی توێژینەوە دەردەخات | ٤٩ |
| ١١ | ماوەی بە کارهێنانی مۆبایل لەلایەن تاکەکانی نموونەی توێژینەوە دەردەخات | ٤٩ |
| ١٢ | خاوەندارێتی مۆبایل لەلایەن تاکەکانی نموونەی توێژینەوە دەردەخات | ٥٠ |
| ١٣ | چەندێتی بە کارهێنانی مۆبایل لەلایەن ئەندامانی خێزانی تاکەکانی نموونەی توێژینەوە دەردەخات | ٥٠ |
| ١٤ | ئاستی ڕەزامەندی خێزانەکان بۆ بەکارهێنانی مۆبایل لەلایەن تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە ڕوون دەکاتەوە | ٥١ |
| ١٥ | ئاستی چاودێری خێزانەکان بۆ بەکارهێنانی مۆبایل لەلایەن تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە ڕوون دەکاتەوە | ٥١ |
| ١٦ | ئاستی خێزانەکان لە پێدانی هۆشیاری سەبارەت بە بەکارهێنانی مۆبایل لەلایەن تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە ڕوون دەکاتەوە | ٥٢ |
| ١٧ | بوارەکانی بەکارهێنانی مۆبایل لەلایەن تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە ڕوون دەکاتەوە | ٥٢ |
| ١٨ | دروست کردنی پەیوەندی لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەردا بەهۆی بەکارهێنانی مۆبایل لەلایەن تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە ڕوون دەکاتەوە | ٥٣ |

| | | |
|---|---|---|
| ١٩ | بە باش زانینی بە کارهێنانی مۆبایل لە تەمەنی هەرزەکاریدا لەلایەن تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە ڕوون دەکاتەوە | ٥٣ |
| ٢٠ | بە پێویست زانینی گران بەهای مۆبایل لەلایەن تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە ڕوون دەکاتەوە | ٥٤ |
| ٢١ | چەندێتی گۆڕینی مۆبایل لەلایەن تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە ڕوون دەکاتەوە | ٥٤ |
| ٢٢ | هۆکاری گۆڕینی مۆبایل لەلایەن تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە ڕوون دەکاتەوە | ٥٥ |
| ٢٣ | چەندێتی بەکارهێنانی کارتی بەژداربوون لە ماوەی مانگێکدا لەلایەن تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە ڕوون دەکاتەوە | ٥٥ |
| ٢٤ | مەبەستی بەکارهێنانی مۆبایل لەلایەن تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە ڕوون دەکاتەوە | ٥٦ |
| ٢٥ | زیاتر بەکارهێنانی لایەنێکی مۆبایل لەلایەن تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە ڕوون دەکاتەوە | ٥٦ |
| ٢٦ | هۆکاری خراپ بەکارهێنانی مۆبایل لەلایەن تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە ڕوون دەکاتەوە | ٥٧ |
| ٢٧ | کاریگەری مۆبایل لەسەر بەهێزی و بێهێزی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی تاکەکانی نموونەی توێژینەوە ڕوون دەکاتەوە | ٥٧ |

## پێڕستی پاشکۆکان


| ژمارە | پاشکۆ | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | ناوی پسپۆڕان بە پێی نازناوی زانستی | ٦٨ |
| ٢ | فۆرمی کۆکردنەوەی زانیاری پەسەند کراو بۆ توێژینەوە | ٦٩ — ٧٠ |
| ٣ | فۆرمی استطلاعی | ٧١ |
| 4 | پشتگیریەکان | ٧٢ - ٧٥ |

## پێشەکی :

تەکنەلۆژیا بەهەموو لایەنە بەرفراوانەکەیەوە بەیەکێ لەئاسانکاریەکانی ژیانی رۆژانە دادەنرێت ، جائەم ئاسانکاریە لەهەر ڕویەکەوە بوبێت ، تەکنەلۆژیا بە شێوەیەکی گشتی لایەنی باش و خراپی هەیە ، جا ئەمەش کەوتۆتە سەر چۆنیەتی بەکارهێنانی .

مۆبایلیش وەك یەکێك لە بەرهەمەکانی تەکنەلۆژیا لە مێژووی وڵاتانی جیهاندا دەوری زۆر کاریگەرو فراوانی هەیە ، بە تایبەتی لە کوردستانی خۆماندا کەوڵاتێکە دەرگای لە بەردەم پێشکەوتنەکاندا کراوەیە ، هەوڵدەدا هەرمۆدیلێکی نوێی تەکنەلۆژیا دابهێنرێن بیهێنێتە بازاڕەکانیەوە ، لەم ساڵانەی دوایدا مۆبایل بە شێوەیەکی بەرفراوان لە کوردستاندا بە کاردەهێنرێت .

جا ئەم بەکارهێنانەش کاریگەری لەسەر هەموو لایەنەکانی ژیان بەجێ دەهێڵێت بە کاریگەری باش و خراپیەوە .

ئێمە لەم توێژینەوەیەدا هەوڵماندا‌وە کاریگەری مۆبایل لەسەر ڕەفتاری کۆمەڵایەتی هەرزەکار دیاری بکەین و بە جۆرێك کە هەرزەکار بتوانێت بە شێوەیەکی دروست مۆبایل بەکاربهێنێت ، کە کاریگەری خراپ نەکاتە سەر ڕەفتارو هەڵس وکەوتی کۆمەڵایەتیان ، چونکە هەرزەکار بەشێکی دیاری کۆمەڵگەیە .

کورتەی ئەم توێژینەوەیەش لەوەدا دەردەکەوێت کە دەمانەوێت تیشکێك بخینە (کاریگەری مۆبایل لە سەر ڕەفتاری کۆمەڵایەتی هەرزەکار) .

ئەم توێژینەوەیەش لە دوو دەروازە پێك دێت (دەروازەی تیۆری و دەروازەی مەیدانیو سێ بەش و چەندین تەوەرە) پێك دێت :

دەروازەی یەکەم : لایەنی تیۆری .

بەشی یەکەم : دیاری کردنی چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە ،کە لە دووباس پێك دێت :

باسی یەکەم : کێشەو گرنگیو ئامانجی توێژینەوە .

باسی دووەم : دیاری کردنی چەمکە زانستیەکان .

بەشی دووەم : قۆناغی هەرزەکاری و کاریگەری مۆبایل لەسەر ڕەفتاری کۆمەڵایەتی هەرزەکار ، لە دووباس پێك دێت :

باسی یەکەم : قۆناغ و گۆڕانکاریەکانی تەمەنی هەرزەکار .

باسی دووەم : مێژووی مۆبایل و کاریگەری مۆبایل لەسەر ڕەفتاری کۆمەڵایەتی هەرزەکار .

سەر ڕەفتاری کۆمەڵایەتی هەرزەکار .

**دەروازەی دووەم : لایەنی مەیدانی .**

**بەشــی ســێیەم : هــەنگاوە پراکتیکیــەکانی توێژینــەوەو خــستنە ڕووی دەرئەنجامــەکانی توێژینەوە ، لە دووباس پێك دێت .**

**باسی یەکەم : ڕێبازو بنەماکانی توێژینەوە .**

**باسی دووەم : خستنە ڕووی دەرئەنجامەکانی توێژینەوە .**

**سەرچاوەکان .**

**پاشــــکۆکان .**

**(نیان ، ڤیان)**

# دەروازەی یەکەم لایەنی تیۆری

## بەشی یەکەم

## دیاری کردنی چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە

### باسی یەکەم

- کێشەی توێژینەوە
- گیروگرفتی توێژەر
- گرنگی توێژینەوە
- ئامانجی توێژینەوە

### باسی دووەم

### دیاری کردنی چەمکە زانستیەکان

یەکەم : گاریگەری

دووەم : مۆبایل

سێیەم : ڕەفتاری کۆمەلأیەتی

چوارەم : هەرزەکار

# باسی یەکەم : کێشەو گرنگی و ئامانجی توێژینەوە

یەکەم : کێشەی توێژینەوە .

دووەم : گیروگرفتی توێژەر .

سێیەم : گرنگی توێژینەوە .

چوارەم : ئامانجی توێژینەوە .

# بەشی یەکەم دیاری کردنی چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە

## باسی یەکەم / کێشەو گرنگی و ئامانجی توێژینەوەکە :

### یەکەم : کێشەی توێژینەوە

بـەهۆی بڵاوبونـەوەی تەکنـەلۆژیا لـە کوردسـتان مۆبـایلیش وەك بەشـێك لـە تەکنـەلۆژیا بـەکاردێت ، بەشـێوەیەکی گـشتی وەکـو پێویـستیەکی ڕۆژانـەی لیٚ هـاتووە ، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـــدا تاڕادەیـــەك نـــەتوانراوە بەتـــەواوەتی وەك پێویـــست ســـودی لیٚ وەربگیرێـــت . هـەرزەکارانیش وەك بەشێکی دیـاری کۆمەڵگـە بەڕێژەیـەکی بەرچاو بەکارهێنـەری مۆبـایلن و زۆرجار بەهۆی خراپ بەکارهێنانیەوە کێشە بۆ خۆیان و کۆمەڵگەش دروست دەکەن .

لێرەوە بۆ ئەوەی لەدیاری کردنێکی وردی کێشەی توێژینەوەکەمان نزیك ببینەوە .

### دووەم : گیرو گرفتی توێژەر

١. کەمی سەرچاوەی زانستی لەسەر بابەتەکە .
٢. ناڕاستگۆیی تاکەکانی نموونەی توێژینەوە لە وەڵام دانەوەی فۆڕمی ڕاپرسیدا .
٣. گیرو گرفتی نەزانینی زمان .
٤. هەستیاری چینی هەرزەکار بۆ توێژینەوە لەسەر ڕەفتاریان .

## سێیەم : گرنگی توێژینەوە

ئـامێرێکی زۆر گـرنگ لـەژیانی ڕۆژانـەی تاکـەکانی کۆمەڵگـە بـە گـشتی و هــەرزەکاران بەتایبەتی بە کارهێنانی مۆبایلە .
بۆیە گرنگی توێژینەوەکەیش لە وەدایە کە تیشکی خستۆتە سەر یەکێك لەو کێشانەی کە تائەمڕۆ لە زۆربەی کۆمەڵگاکاندا بوونی هەیەو کاری کردۆتە سەر هەموو چین و توێژەکان و بە تایبەتی هەرزەکاران بەو پێیەی هەرزەکار یەکێکە لە بنەما هەرە گرنگەکانی بەرو و پێش چوونی کۆمەڵگاو ڕۆڵی باڵاش دەگێڕێت لە دیاری کردنی داهاتووی کۆمەڵگادا .
توێژی هەرزەکاران ئەگەرهۆشیاری پێویستیان پێبدرێت سەبارەت بە چۆنیەتی بەکارهێنانی ئامێرە تەکنەلۆژیەکان ، ئەوا دەبنە هۆی بەرەو پێش چوونی کۆمەڵگا ، بۆیە پێویستە بە شێوەیەکی پەروەردەیی ڕاست و دروست ئاڕاستە بکرێن بۆ بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا بەگشتی و مۆبایل بە تایبەتی .

## چوارەم : ئامانجی توێژینەوە

**هەر توێژینەوەیەك كە ئەنجام دەدرێت پێویستە كار بۆ چەند ئامانجێك بكات :**

١. دەرخستنی كاریگەری مۆبایل لەسەر ڕەفتاری كۆمەڵایەتی هەرزەكار .
٢. دیاری كردنی هۆكارەكانی خراپ بەكارهێنانی مۆبایل لای هەرزەكار .
٣. ڕۆڵی خێزان و قوتابخانە لەپێدانی وشیاری بە هەرزەكاران سەبارەت بەچۆنیەتی بە كارهێنانی ئەم ئامێرە .
٤. دەرخستنی ئەو كێشانەی كە بەهۆی مۆبایلەوە ڕووبەڕووی هەرزەكار دەبێتەوە.
٥. زانینی ئاستی وشیاری هەرزەكاران لە بەكارهێنانی ئەم ئامێرە .

## باسی دووەم : دیاری کردنی چەمکە زانستیەکان

### یەکەم : کاریگەری

بارێکی دیاری کراوە لەوبارودۆخانەی کە گۆڕان لەسروشت و هەڵسوکەوت وکەسێتی تاك دا دروست دەکات ، بەشێوەیەکی کاتی یان بەردەوام لە ماوەی چەند کاتێکی دیاریکراودا و بەشێوەیەکی باش بێت یان خراپ ، وەلەژێر کاریگەری بارودۆخێکی دیاری کراودا ، بەپێی هەڵوێست و تواناو هێز ، وەمرۆڤ ئەو بونەوەرەیە کە کاریگەری لەسەربێت لەکاتی جیاجیادا لەسەر بیرکردنەوەی ولەسەر هەڵوێستی و هەڵسوکەوتی و ڕەوشتی[(١)] .

هەروەها کاریگەری ئاماژە بۆ ئەو مەبەستە دەکات ، کەچۆن زانیاریی‌یە سەرەتایەکان دەبێتە زادەی تێگەیشتنمان و زانیاری تازە چۆن بەرجەستەو ڕەنگدانەوەی دەبێت تیاماندا[(٢)] .

کاریگەری بەواتای وردی و ماوەکەی کە بەڵگەیە بۆ سەر خۆڕانەگری دەرونی و ڕاستەوخۆ کاردەکاتە سەرجەستەو پاشان شوێنەواری لەسەر هێز دەچەسپێ و وێنەی هزری لەلادروست دەکات ، هەروەکو هەوڵدەدات بۆ ئاگادارکردنەوە بۆ خۆڕانەگری و دورکەوتنەوە لە شوێنەواری ، یەکێ لەوشتانەی ئەیبەخشێ بەویژدان بەبێ ئەوەی کەشی بکاتەوە کەوای لێ دەکات هەست بەبونی ڕێژەیی شتە جوانەکان نەکات ، لەهونەردا کە جیادەکرێتەوە بە هەست و زیندوێتی و هێز[(٣)] .

لێرەوە دەتوانین پێناسەی کاریگەری بکەین بەوەی : بریتی‌یە لەو شوێنەوارەی کە لەسەر ڕەفتاری تاکەکەس بەجێ دەمێنێ بەهۆی کارتێکردنی فاکتەرێکی دەرەکی‌یەوە .

---

(١) د.عبدالعزیز عزت ، الجریمة و العلم الأجتماع ، طبعة القاهرة ، ١٩٥٩ ص٥٩

(٢) جوردن مارشال ، موسوعة علم الأجتماع ، ت : د.أسعد أبولیدة ، ط١، دارالنشر ، عمان ١٩٩٩ ، ص٣٦ .

(٣) د.أسعد رزوق ، موسوعة علم النفس ، طبعة٤ ، دارالفارس للنشر و التوزیع ، عمان ١٩٩٢، ص٦٠ .

## دووەم : مۆبایل

مۆبایل بەهۆی ئەوەی کەداهێنراوێکی تازەیە لە تەکنەلۆجیادا ، بۆیە باسکردنی زۆر کەمە وەسەرچاوەی زۆرکەمیش باسی مۆبایلی کردوە بە ڕوونی .

ئەتوانین بڵێن چەمکی (mobile) لەچەمکی (mobility) واتە (جوڵەی کۆمەلاّیەتی)ەوە هاتووە ، جوڵەی کۆمەلاّیەتیش بەمانای جێگۆرکێ تاکە یان کۆمەڵ لە جێگایەکەوە بۆ جێگایەکی تر بە جوڵەی جوگرافی ناودەبرێت[1] .

هەروەها لە فەرهەنگی (سخن)دا مۆبایل وەسف کراوە بەوەی کەئامێرێکی تەلەفۆنیە بەبێ وایەر کاردەکات ، وەبۆ هەرشوێنێك دەبرێت و سودی لێ وەردەگرێت[2] .

هەروەها مۆبایل پێناسە کراوە بە تەلەفونی گەڕۆك ، یان تەلەفونی دەستیە ، ئامێرێکی ئەلکترۆنیە ، بەکاردەهێنرێت بۆ پەیوەندی کردن لەڕێگەی تۆڕی تەلەفوناتەوە ، مۆبایل پەیوەندی دەنگی پێ دەکرێت و جگە لە خزمەت گوزاریەکانی کورتە پەیام (sms) و ئیمێڵ و ئینتەرنێت و بلوتوز ، زانیاریەکانی نێوان مۆبایلەکان دەگوازرێتەوە بە مەرجێك مۆبایلەکان ئەو ئاسانکاریانەی بۆ کرابێت[3] .

لێرەوە دەتوانین پێناسەی مۆبایل بکەین بەوەی کە : ئامێرێکی پێشکەوتووی پەیوەندی کردنە لەسەر ئاستی ناوخۆ یان دەرەوە ، ئەویش بەهۆی بەستنەوەی بەتۆڕێکی پەیوەندی جیهانیەوە ، کەماوە دورەکان کورت دەکاتەوەو دەبێتە هۆی گواستنەوەی زۆرترین زانیاری لە کەمترین ماوەدا .

---

[1] شاکر مصطفی سلیم ، قاموس الأنتروبولوجی ، مطبعة الکویت ، الکویت ١٩٨١ ، ص٨٢٩ .

[2] حسین ئەنوەر ، فرهنگ و سخن تهران جزئی (٣) ، چاپخانەی مهاباد ١٣٨٣ ، لا ٣٦ .

[3] ئینتەرنێت w.w.w. wikipediq.org

## سێیەم : ڕەفتاری کۆمەڵایەتی

گشت ئەو جوڵەو چالاکی‌یە مەبەستدارانەیە کە تاکێک پێی‌یان هەڵدەستێت بەلەبەرچاوگرتنی بوونی تاکەکانی تر ، ڕەنگە هۆکارەکەی ئەو ژینگەیە یاخود ئەو ڕووداوانە بێت کە تاکەکەی تێدایە ، یاخود ئەو کەسانەی ناچارن ببنە بکەری کۆمەڵایەتی ، کە بەپرۆسەی ڕوداو یاخود ڕەفتارەکە هەڵدەستێت[1].

هەروەها ڕەفتاری کۆمەڵایەتی پێناسە کراوە بەوەی کەکارلێکە لە نێوان تاکەکاندا ، مەرج نی‌یە ڕووبەڕو لەنێوان تاکەکاندا ڕوبدات ، ڕەفتاری کۆمەڵایەتی بریتی‌یە لەو پرۆسەیەی کە ڕوودەدات کاتێك لەگەڵ کەسانی دیدا ئامادە دەبێت ، یان تەنانەت ئەگەر خۆشیان ئامادە نەبن ، بەڵام ئەو ڕەفتارەی کاریگەرە بەو کەسانە لەبەرئەوەی تەمسیلی ڕاستیەکان دەکەن لە بواری دەروونی تاکەکاندا ، دەشێت ڕەفتاری کۆمەڵایەتی لەڕێگەی هێماکانەوە ڕوودەن[2].

هەروەها ڕەفتاری کۆمەڵایەتی بریتی‌یە لە هەڵس و کەوت و جوڵەو چالاکی و کردەوەکانی مرۆڤ ، کاردانەوەو هەڵچون و هەڵوێستی کەسانە لە ئەنجامی کارو پەیوەندی و کارتێکردنە گۆڕاوە کۆمەڵایەتی‌یەکان[3] .

لەبەر ڕۆشنایی ئەو پێناسانەی سەرەوەدا دەتوانین بڵێن ڕەفتاری کۆمەڵایەتی : بریتی‌یە لەو هەڵس وکەوت و ڕەفتارانەی کە تاکێك پێی هەڵدەستێت بەرامبەر تاکەکانی تری کۆمەڵگا ، کە ئەم ڕەفتارە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت بەهۆی جیاوازی سروشتی پەروەردەو پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی مرۆڤەکانیش لەخێزان و کۆمەڵگادا .

---

[1] ئیحسان محمد حسن ، سۆسۆلۆژیا لای مارکس و ماکس ڤیبر ، و : دانا مەلاحسن ، دەزگای چاپ و چەخشی سەردەم ، سلێمانی ٢٠٠٥، لا ٧٦

[2] حامد عبدالسلام زهران ، علم النفس الأجتماعی ، طبعة ٥ ، المناشر عالم الکتب ، القاهرة ، ١٩٨٤ ، ص ١٠

[3] فوادی تاهری صادق ، هۆشیاری کۆمەڵایەتی ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی تیشك ، سلێمانی ، ٢٠٠٨ ، لا ٤٦

## چوارەم : هەرزەکار

وشـــەو زاراوەی هـــەرزەکار (Adolescence) لـــەکرداری (Adolescere)ی لاتینیـــەوە وەرگیراوە کە مانای گەشەکردنی پلە پلەیی و هەنگاو بەهەنگاوی جەستەیی و سێکسی و ژیری و هەڵچونی و کۆمەڵایەتی دەگەیەنێت[1].

هەروەها لە (المنجد)دا هاتووە کە هەرزەکار (ئەو کەسەیە کەنزیك دەبێتەوە لە خەون واتە دەچێتە تەمەنی هەرزەکاری)[2] .

هەروەها هەرزەکار پێناسە کراوە بەوەی کە قۆناغێکی سروشتیيە لەقۆناغەکانی تەمەنی مرۆڤ ، لە دوای قۆناغی منداڵی دەست پێ‌ی دەکات ، قۆناغی هەرزەکاری وەك ناوەندێکە کەمرۆڤ پێیدا تێپەڕ دەبێت لە نێوان ماوەی منداڵی و پێگەیینی تەواودا ، کەتاك کەسایەتی خۆی دروست ئەکات لە ڕووی ئەزمونە ڕەفتاریەکانی بۆماوەی پێگەیشتن و جێگیربوون[3].

لەبەر ڕۆشنایی ئەو پێناسانەی سەرەوەدا دەتوانین بڵێن هەرزەکار : بەو تەمەنە دەوترێت کەلەنێوان قۆناغی منداڵی و پێگەیشتنی تەواودایە ، کەچەند گۆڕانکاریەك لەلایەنی جەستەیی و دەروونی‌دا ڕودەدات ، ئەم گۆڕانکاریانەش کاریگەری دەبێت لەسەر شێوازی ڕەفتارو بیرکردنەوەی هەرزەکار .

---

[1] د.کەریم شەریف قەرەچەتانی ، سایکۆلۆژیای هەرزەکار و لاوان ، چاپی یەکەم ، هەولێر ، ٢٠٠٤ ، لا٢١

[2] د.محسن خلیل عمر ، د.عبداللطیف عبدالحمید العانی ، المشكلات الأجتماعية ، دارالحكمة للطباعة و النشر ، بغداد ، ١٩٩١ ، ص١٤٧ .

[3] ئینتەرنێت (المراهقة) w.w.w. feedo.net

# باسی یەکەم : قۆناغ و گۆڕانکارییەکانی تەمەنی هەرزەکار

## یەکەم : ماوەو قۆناغەکانی هەرزەکار

لەژیانی مرۆڤدا هەرزەکاری بەدەر لەهەموو قۆناغەکانی تر ڕووبەڕووی گیروگرفتی زۆرو ڕاوبۆچۆنی جیاواز دەبێتەوە ، چ لەلایەن خێزانەوە یان لەلایەن کۆمەڵگاوە . تەنانەت ناونانی قۆناغەکەشی جۆرە سیمایەکی نێگەتیڤی هەڵگرتووە. کە هەرزەکار بەواتای کارێك دێت (ناکامڵ)[1] .

لەگەڵ ئەوەشدا بەتەواوی ناتوانرێت سەرەتا و کۆتایی قۆناغی هەرزەکاری بەمانگ و ساڵ دیاری بکرێ ، لەبەر ئەوەی لەماوەی شەوو رۆژێکدا منالْ یەکسەر نابێت بە هەرزەکار ، بەڵکو پرۆسەیەکی پلە بە پلەیەو ماوەیەکی دەوێ .

زۆر لەزانایان لەو بیروڕایەدان کە لەدەورو بەری (١١) یان (١٢) ساڵیدا ژمارەیەك لەمنالاْن دەچنە ناو قۆناغی هەرزەکاری و لە (١٧) یان (١٨) ساڵیدا ماڵئاوایی لەو قۆناغە دەکەن[2].

قۆناغی هەرزەکاری قۆناغێکی جیاکەرەوەیە لەنێوان قۆناغی منداڵی و قۆناغی پێگەیشتندا ، چونکە قۆناغی هەرزەکاری قۆناغی پشت بەستنە بە خودی خۆی ، قۆناغی سەربەخۆی و گەورەبوون و دەرچوونە لەژیانی ماڵەوە بۆ هەڵس وکەوت کردن بە شێوەیەکی ئازادانە[3].

دیاریکردنی ئەو ماوەیە لە تەمەنی مرۆڤ لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێت و لەهەندێ کۆمەڵگادا ئەو ماوەیە کورت خایەنە و لەهەندێکی تردا درێژ خایەنە .

---

[1] ئاڤێستا کەمال ، تایبەتمەندییەکانی قۆناغی هەرزەکاری ، گۆڤاری بانگیحەق ، ژمارە (٢١) ، ساڵیدەیەم ، نیسانی٢٠٠٦ ، چاپخانەی چوارچرا ، لا١٩ .

[2] د.کەریم شەریف قەرەچەتانی ، سایکۆلۆژیای هەرزەکار و لاوان ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر ، ٢٠٠٤ ، لا٩ .

[3] گەشاو عبدالقادر ، هەرزەکاران با خۆیان بدوێن ، وەزارەتی رۆشنبیری ، وەزارەتی چاپ و بلاْوکردنەوەی سلێمانی ، ٢٠٠٧ ، لا١١ .

بەپێی ئەمەش زاناکان دابەشیان کردووە بۆ سێ قۆناغ :

١. قۆناغی سەرەتاکانی هەرزەکار (١١–١٤) ساڵی بەگۆڕانکارییە بایلۆژییە خێراکان دەناسرێتەوە .

٢. قۆناغی ناوەندی هەرزەکار (١٤–١٨) ساڵی قۆناغی کۆتای هاتنی گۆڕانکارییە بایەلۆژییەکانە .

٣. قۆناغی کۆتای هەرزەکار (١٨–٢٠) ساڵی لەم قۆناغەدا هەرزەکار وەك گەنج و مرۆڤێکی پێگەیشتوو دەردەکەوێت[١].

بەپێی هەندێ بۆچوونی تر قۆناغی هەرزەکاری لە تەمەنی (١٢–١٨) ساڵی دەخایەنێت[٢].

هەندێ زانای تر قۆناغی هەرزەکاری دابەش دەکەن بەسەر دووجۆردا :

١. هەرزەکاری پێشکەوتوو لە تەمەنی (١٢–١٦) ساڵی دەخایەنێت .

٢. هەرزەکاری دواکەوتوو لە تەمەنی (١٧–٢١) ساڵی دەخایەنێت[٣].

بەگشتی کەسێتی هەرزەکار لەم قۆناغەدا دەشێ بەکۆمەڵێك خاسیەت و تایبەتمەندی بناسرێتەوە ، کە لەکردارو ڕەفتاریاندا ڕەنگ دەداتەوە ، گرنگترین ئەو تایبەتمەندیانەش ئەوەیە :

کەهەرزەکار کەسێکی ڕاڕایەو توانای خۆکۆنترۆڵ کردنی زۆر لاوازە و کەسێکی شەرمن و گۆشە گیرە و هەوڵی سەربەخۆی خۆی ئەدات .

لەگەڵ ئەوەشدا زوو هەڵدەچێت و بەردەوام هەست بە دڵەڕاوکێ دەکات ، ترس و یاخی بوون و نامۆیی و ململانێی لەگەڵ خۆیدا دەبنە هۆی ناجێگیری دەروونی لای هەرزەکار[٤].

---

[١] بابەتێك وەرگیراوە لەسەر هەرزەکار ، لەماڵپەڕی w.w.w.ar- wikipedia.org

[٢] جەلال خەلەف ژالەیی ، گەشەی منداڵ ، ئەمینداریێتی گشتی رۆشنبیری لاوان یارمەتی لەچاپدانی داوە ، بێشوێن ، ساڵی چاپ .

[٣] بابەتێك وەرگیراوە لەسەر هەرزەکار ، لەماڵپەڕی w.w.w. derun .org

[٤] بابەتێك وەرگیراوە لەسەر هەرزەکار ، لەماڵپەڕی w.w.w. gullchin .com

## دووەم : جیاوازی نێوان باڵقبوون و هەرزەکار

توێژەرەوان لەسەر ماوەی دەسپێك و کۆتاییەکانی تەمەنی هەرزەکاری کۆك نین ، بەلاّم لەسەر ئەوە کۆکن کە دەسپێکی هەرزەکاری هاوکاتە لەگەڵ تەمەنی باڵقبوندا[1]. باڵقی بەشێکە لە هەرزەکاری واتە تەنها گۆڕانکاریە جەستەیی و فسیۆلۆژیەکان دەگرێتەوە ، بەلاّم هەرزەکاری بریتیە لەسەرجەم گۆڕانکارییە جەستەیی و فسیۆلۆژی و عەقلّی و هەڵچوونی و کۆمەلاّیەتییەکان ، کەواتە سەرەتای قۆناغی هەرزەکاری بە باڵقبوون دەست پێدەکات کەچەند ساڵێکی کەمی سەرەتای قۆناغی هەرزەکاری دەخایەنێت .
بەلاّم قۆناغی هەرزەکاری ماوەیەکی زۆر دەخایەنێت ، چونکە قۆناغێکە کەمنداڵ لەم میانیەوە بەتەواوی گەشە دەکات و لە کەسێکەوە کەپشت بەکەسانی تر دەبەستێ دەگۆڕێ بۆ کەسێك کە پشت بەخۆی دەبەستێت[2].

لەتەمەنی (١٠–٢٠) ساڵیەوە قۆناغی باڵقی دەست پێدەکات ئەم قۆناغەش لەڕووی بایەلۆژیەوە بۆ هەرزەکار دەکرێت بە سێ بەشەوە :–

١. قۆناغی پێش باڵقبوون .
٢. قۆناغی باڵقبوون .
٣. قۆناغی دوای باڵقبوون[3].

---

[1] بابەتێك وەرگیراوە لەسەر هەرزەکار ، لەماڵپەڕی w.w.w. xozga .com

[2] د.کەریم شەریف قەرەچەتانی ، سەرچاوەی پێشوو ، لا ٢٢ .

[3] گەشاو عبدالقادر ، سەرچاوەی پێشوو ، لا١١ .

**نیشانەکانی باڵقبوون :-**

١. پێگەیشتنی سێکسیە گلاندەکان و رژانی سپێرم لەلای کوڕان و دەرکەوتنی دیاردەی بێنوێژی لەلای کچان .

٢. درێژبوونی هەردوو دەست و قاچەکان و هەندێك گۆڕانکاری جەستەیی و فیسۆلۆژی تر لەلای هەردوو ڕەگەزەکە .

٣. گەشەکردنی هەردوو کەناڵی فالوب و منداڵدان و بەرفراوان بوونی سێبەندەو ڕان لەلای کچ .

٤. دەرکەوتنی دیاردەی شەیتانی بوون لەلای کوڕ[١] .

٥. سیفەتی دووەمیەکان وەك گڕبوونی دەنگی کوڕ و چڕبوونەوەی موولەهەندێ شوێنی لەشدا لەکچاندا وەك گەورەبوونی سنگ و دەرکەوتنی موو لەهەندێ بەشی لەشەدا .

٦. گەورەبوونی کۆئەندامی زاوزێ لەهەردوو ڕەگەزدا[٢] .

٧. زیاد بوونی دەرهاویشتە هۆرمۆنیەکان[٣] .

---

[١] د.کەریم شەریف قەرەچەتانی ، سەرچاوەی پێشوو ، لا٢٢ .

[٢] گەشاو عبدالقادر ، سەرچاوەی پێشوو، لا١٢.

[٣] بابەتێك وەرگیراوە لەسەر هەرزەکار ، لەماڵپەڕی

w.w.w. puk center .org

## سێیەم : گۆڕانکارییەکانی قۆناغی هەرزەکاری

### أ- گۆڕانکارییە جەستەییەکان

گۆڕانە جەستەیەکان بەپێی ڕەگەز دەگۆڕێت ، بەجۆرێك کە (١٣) ساڵی بۆ کوڕو (١٠) ساڵی بۆ کچ[١]، قۆناغی هەرزەکاری جیادەکرێتەوە بە کۆمەڵێك گۆڕانکاری جەستەی خێرا ، بەتایبەتی لە سێ ساڵی یەکەمیدا بەهۆی زۆری ڕژێنی هۆرمۆنی گەشە کردن[٢] .

گۆڕانکارییە جەستەییەکان دیارو ئاشکران و نەك تەنها هەرزەکار بەڵکو خێزان و خزمان و هاوڕێیان و کەسانی تریش لەخوێندنگەو و کۆمەڵ و کۆمەڵگادا هەستی پێدەکەن .

لەهەمان کاتیشدا جێگەی بایەخ و گرنگی پێدانیشە نەك تەنها لەلایەن هەرزەکارەوە بەڵکو لەلایەن کەسانی دەوروبەریشەوە ، بەتایبەت خێزانەکەی چونکە ئەو گۆڕانکاریانە هەرزەکار توشی نائارامی و دڵە ڕاوکێ و هەندێ جار توشی نەخۆشی دەروونی دەکات و دەبێتە هۆی دروست بوونی تەگەرە لە بەردەم گونجاندنی هەرزەکارەکە لەگەڵ ئەو دۆخە نوێیەی کەتێیدایە ، هەروەها کۆسپ لەبەردەم پەیوەندی وکارلێکی کۆمەڵایەتیشی لەگەڵ کەسانی تر ، چونکە ئەم گۆڕانانە تەنها لەشێوەی دەرەوەی هەرزەکاردا ڕوونادات ، بەڵکو دەبێتە گۆڕان لە کەسێتی و هەڵس وکەوت وبیرو بۆچونەکانیدا .

هەرزەکار تەنها تێبینی گۆڕانکاریە جەستەییەکانی خۆی ناکات بەڵکو هەست بەگۆڕانکاری جەستەیی هاوتەمەن و هاوڕەگەزەکانیشی دەکات و جەستەی خۆی بە هاوتەمەنەکانی بەراورد دەکات بۆ دیاری کردنی خاڵە جیاوازەکان نێوانیان[٣].

هەروەها لەسەرەتای قۆناغی هەرزەکاریدا کچان پێش کوڕان دەکەون لەدرێژبووندا ، بەلام لە ناوەڕاست و کۆتای قۆناغەکەدا کوڕان پێش کچان دەکەون .

لەبارەی کێشیشەوە لە سەرەتاوە کچان قورس ترن بەلام لەدوایدا کوڕان کێشیان زیاتر دەبێت ، هەروەها لە قۆناغی هەرزەکاریدا ئەندامی زاوزێ دەست بە گەشەیەکی واخێرا دەکات کە لەهیچ قۆناغێکی ژیاندا بەو جۆرە نییە[٤].

ئەو گۆڕانکاریانەی کەبەسەر جەستەی هەرزەکاردا دێ لەم قۆناغەدا تەنها لەدرێژی کێشی و قەبارەی جەستەو جوڵەو چالاکی نییە بەڵکو لەگۆڕینی ئێسقانیشدا خۆی دەبینێتەوە کە

---

[١] د.کەریم شەریف قەرەچەتانی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٢٢ .

[٢] بابەتێك لەسەر هەرزەکاری ، w.w.w. xozga .com سەرچاوەی پێشوو .

[٣] احمد ذكى صالح ، علم النفس التربوي ، طبعة السابعة ، مكتبة النزهة المصرية ، القاهرة – ١٩٩٦ ، ص٢٠٤ .

[٤] جەلال خەڵەف ژاڵەیی ، منداڵ لەقۆناغی دوامنداڵی و هەرزەکاریدا ، چاپی یەکەم ، وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان ، سلێمانی – ١٩٨٢ ، ل٩٨ .

لەئێسقانی تەنها کرگڕاگەوە دەگۆرێ بۆ ئێسقانی پتەو و ڕەق ئەمەش بە پێی گەشەی ڕەگەزو تەمەن دەبێت[١].

لەلایەکی تریشەوە ئەو گۆڕانکاریانەی کە بەسەر جەستەی هەرزەکاردا دێ تەنها کاریگەری نی‌یە لەسەر ئارەزووەکانی هەرزەکار بەڵکو کاریگەریشی لەسەر لایەنی دەروونی و هەڵچوونەکانی هەرزەکار هەیە[٢].

## ب- گۆڕانکاریە دەرونیەکان

ئەو گۆڕانکاریە جەستەییانەی بەسەر هەرزەکاردا دێت کاریگەری زۆر دەکاتە سەر لایەنی دەرونی و هەڵچونەکانی و توشی کۆمەڵێك کێشە و تەنگەژەی دەروونی دەکات ، ئەمەش والە دامەزراوەکانی پێگەیاندنی کۆمەلأیەتی دەکات زۆر بەوردی و بەپلان و بەرنامە ڕەفتار لەگەڵ هەرزەکاردا بکەن . چونکە کۆمەڵێك سیفات و تایبەتمەندی دەروونی هەیە کەئەم قۆناغەی پێ جیادەکرێتەوە لەژیانی هەموو تاکێکدا[٣]. هەرزەکار لەبیرێکی دەروونی ڕاڕادایە و بەردەوام خەریکی تاوتوێ کردنی دیاردەکانەو لە هەوڵی هەڵبژاردنی ناسنامەو ئایدۆلۆژیاو جیهانی تایبەتی خۆی‌دایە ، جالەبەرئەوەی زانیاری و شارەزای کەمە بۆیە توشی ئەو حاڵەتە دەبێت ، لەسەرەتای هەرزەکاری‌دا هەرزەکار ڕووبەڕووی زۆر داواکاری کۆمەلأیەتی دەبێتەوە لەهەمان کاتیشدا گۆڕانکاریە جەستەییەکانی فشارێکی زۆری دەخەنە سەر ، هەرلەبەر ئەوەشە لەکاتی باڵقبوندا توشی ژمارەیەك گیرگیروگرفت دەبێت و هەندێ جاریش هاوسەنگی خۆی لەدەست دەدات ، هەرچەندە ئەوکێشە و گیروگرفت و گۆڕانکاریانە مەترسی دارنین و توشی لادان و سەرەڕۆیی ناکەن ، بەلأم دەبنە هۆی زیادکردنی گریمان و توش بوون بەکۆمەڵێك کێشەو گرفتی دەروونی ، یەکێك لەدیاردە هەڵچوەکانی دەرونی هەرزەکار دیاردەی زێدە خەونە ، هەرزەکار لەڕێگەی ئەم زیندە خەونەوە زۆر لە خەوو خەیاڵ و حەزوو ئارەزوە تێرنەکراوەکانی تێردەکات[٤]. هەرزەکار زۆرجار خەیاڵی دەروات و لە خەیاڵی خۆیدا دەبێتە پاڵەوان ، ئەمە حاڵەتێکی سروشتی‌یە لەهەرزەکاردا و زۆرجار یارمەتی دەرە بۆ هەرزەکار بەلأم لەلایەکی ترەوە والە مرۆۋ دەکات کە راستی ژیان وێڵ بکات و لەتەنگ و چەڵەمەی کۆمەڵ راکات[٥].

---

[١] شفيق علاونة ، الطفولة (سيكولوجية النحو الانساني)الطبعة الاولى ، دارالفرقان للنشروالتوزيع ، عمان-١٩٩٤ ، ص٨٨ .

[٢] عبدالعزيز القوصي ، علم النفس ، اسسه وتطبيقاته التربوية ، الطبعة الثامنة ، مكتبة النهضة المصرية ، القاهرة ١٩٧٨

[٣] عبدالرحمن عدس ، نايفة قطامي ، مباديئ علم النفس ، الطبعة ثانية ، دارالفكر للطباعة والنشر ، عمان ٢٠٠٢، ص٢٦٢

[٤] د.کەریم شەریف قەرەچەتانی ، سایکۆلۆژیای هەرزەکار و لاوان ، سەرچاوەی پێشوو ، لا(٣٦-٤١) .

[٥] جەلال خەڵەف ژاڵەیی ، منداڵ لەقۆناغی دوامنداڵی و هەرزەکاریدا ، سەرچاوەی پێشوو ، لا(١٠٨-١٠٩) .

یاخی بوون بێ هۆکار و هەڵچوونی بەردەوام و نقووم بوون لە جیهانی خەون و خەیاڵی هەرزەکار کۆمەڵێك هۆکاری هەیە :-

بەرەنگار بوونەوەی واقیع کە بەدروستکراوی کۆمەڵگا و کەسانی تری دەزانێ یان بەهۆی دووری بیروبۆچونیەکانیەتی لەمەڕ راستی یان بوونی دەسەلأتی دایك و باوك و خوێندنگایە. یان زۆرجار هەرزەکار ناتوانێ خۆی بگونجێنێ لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریە زۆرانەی کە بەسەریدا هاتووە کەهەرزەکار توشی نائارامی و بێزاری دەکات و ئەوش دەبێتە هۆی گرنگی نەدان بە ڕوداو گرفتەکان و بێ هیوای و ڕەشبینی ژیان و دڵ تەنگی و خەمۆکی و سەیرکردنی چواردەوور بە گومانەوە[1].

## ج- گۆڕانکاریە کۆمەلأیەتیەکان

قۆناغی هەرزەکاری تەنها قۆناغی گۆڕانکاریە دەرونی و جەستەییەکان نیە ، چونکە گۆڕانکاریش بەسەر تێروانین و بیرو بۆچونەکانی هەرزەکاریشدا دێت ، لەبەرئەوەی مەودای ڕۆشنبیری فروان دەبێت و زیاتر لە مانای ژیان و کەسانی چواردەوری دەگات ، هەروەها لەم قۆناغەدا هەرزەکار زیاتر توانای کارلێکی کۆمەلأیەتی دەبێت لەگەڵ دەوروبەرو کەسانی چواردەوریدا بەشێوەیەکی راستەوخۆ ، کەلەسنوری خێزان دەردەچێو ژینگەی دەرەوە دەگرێتەوە وەلەلایەکی ترەوە سنوری پەیوەندیە کۆمەلأیەتیەکانی فراوانتر دەبێت و هەرزەکار لەم قۆناغەدا هەوڵێکی زۆر دەدات بۆ جیابونەوەی سەربەخۆ بوون لەخێزان و پشت بەستنی بەخۆی لەتێرکردنی پێویستیەکان و چارەسەر کردنی کێشەو گرفتەکانی ئەوش یارمەتیدەرە بۆ پتەوبوونی کەسێتی هەرزەکارەکە[2].

ئەوەی لێرەدا گرنگە بەلای هەرزەکارەوە ئەوەیە کە ئەم قۆناغە قۆناغی سەربەخۆ بوونە ، مرۆڤی هەرزەکار لەهەموو کەسێ زیاتر هەست بە هێزی نەریت و یاساکانی کۆمەڵگە دەکات لەڕێگەی تێرکردنی ئارەزوەکانی ، لەلایەکی تریشەوە هەرزەکار هەوڵی خۆگونجاندن ئەدات لەگەڵ ئەندام دەستەکانی کۆمەڵدا لەبەرئەوە دەبینن کەچاو لەهاوڕێکانی دەکات بەلاسای کردنەوە لەجۆری جل پۆشین و هەڵبژاردنی ڕەنگدا ، جاری واش هەیە شێوەی قسەکردنیان هەڵدەگرێت و بەشداریان دەکات لەگاڵتەوگەپدا ، لەم قۆناغەدا هەرزەکار بەلایەوە گرنگ نیە کە ترسناکترین کاری چاونەترسی بکات[3].

---

[1] علی کمال ، النفسی (انفعالاتها و امراضها و علاجها) ، الطبعة الثانیة ، دارالواسط ، بغداد-١٩٨٣ ، ص٢٥٦ .

[2] جابر عبدالحمید جابر ، علم النفس التربوي ، الطبعة الثالث ، دارالنهضة العربیة ، قطر-الدوحة-١٩٩٤ ، ص٧٨ .

[3] جەلال خەڵەف ژاڵەیی ، سەرچاوەی پێشوو ، لا١٠٥ .

هـەرزەكار لەمنـدالْ زيـاتر حـەز بـە ناوكۆمـەلْ و كـۆرو كۆبونـەوەى گـەورەكان دەكـات ، لەبەرئـەوەى ئـەو بۆچونەى لەلادروست بـوە كەئـەو منداڵەكـەى جاران نـەماوەو ئێستا گـەورە بـوەو هيـچى لـەدايك و بـاوك و مامۆسـتاو گـەورەكانى تـر كەمترنيـەو دەتوانێـت هـەموو ئـەو كاروچالاكيانە بكـات كـە گـەورەكان دەيكـەن ، هـەرزەكار لەسـەرەتاى قۆنـاغى هەرزەكارى‌دا جيهانێكى پاك و بێگەرد بۆ خۆى دروست دەكات و پێى وايە كەپێويستە هەموو كەل وپەل و ديـاردەكـانى ژيـانى بێ كـەم و كـورتى و نوقسـانى بێـو لەوپـەڕى كامڵى‌دا بێـت وەك كەسـێك كەلـەدەرياى خـەون و خـەيالْدا نوقم بوبێت و واقعيانـە سـەيرى ژيـان نـەكات ئەمـەش بۆ كـەم ئـەزمونى وشـارەزاى هـەرزەكار دەگـەڕێتـەوە كـە لەلايـەنى سـۆزو بەسـەر لايـەنى مـەنتقى و عەقڵى‌دا زاڵە[1] .

تايبەتمەنديـەكى تـر بريتى‌يـە لەهەولْـدان بـۆ ئيش كـردن واتـە فێربـونى كارێـك و پاشـان ئەنجامـدانى بـۆ پەيـدا كردنـى پـارەو بـژێوى ژيـان كـە لـەو ڕێگەيـەوە هـەرزەكار هەسـت بـە سەربەخۆى دەكات كەچۆتە قۆناغى گەنجى و لەقۆناغى منداڵى دەرچووە[2] .

---

[1] د.كەريم شەريف قەرەچەتانى ، سەرچاوەى پێشوو ، لا٥٥ .

[2] صالح حسن الدهري ، علم النفس الارشادى ، نظرياته و اساليبه الحديث ، دارالوائل للنشر و التوزيع-الاردن ، ٢٠٠٥ ، ص١٣٥ .

## باسی دووەم : مێژووی مۆبایل و کاریگەری لەسەر ڕەفتاری کۆمەڵایەتی هەرزەکار

### یەکەم : کورتەیەك لەسەر مێژووی مۆبایل و مێژووی مۆبایل لە کوردستان

تەکنەلۆژیا یەکێکە لە هۆکارەکانی خزمەت کردنی مرۆڤ ، کەتوانیویەتی کەرەستەو ئامێریوا بەرهەم بهێنێ کەژیانی مرۆڤ بەرەو خۆشگوزەرانی ببات ، هەروەها مۆبایل هەرلەسەرەتای دروست بوونی‌یەوە تائێستا لەپێشکەوتندا بەردەوامە و ژمارەی بەکارهێنانی بەشێوەیەکی زۆر سەیر لەزیاد بووندایە .

ئامێری تەلەفونی گوازراوە کە بە(مۆبایل یان مۆبیل) ناسراوە ڕاهێنانێکی تری بیری مرۆڤ بووە ، کە بەداهێنانێکی گرنگی بواری تەکنەلۆژیا دادەنرێت و لە پێناو خزمەتی مرۆڤدا وەگەڕخرا[1].

یەکەم سیستمی مۆبایل لەجیهاندا لەساڵی ١٩٥٦ کۆمپانیای ئەریکسۆن بۆ پەیوەندیە تەلەفونیەکان ، یەکەم تەلەفونی بەناوی (مۆبایل تەلەفون أ) دروست کرد ، کە کێشەکەی نزیکەی ٤٠ کیلۆ دەبوو ، یەکەم کەس کە قسەی پێکرد (مارتن کوپەر)ی کرێکاری ماترۆلا بوو ، بەلام لەساڵی ١٩٨١ ئەریکسۆن یەکەم تۆڕی هاوچەرخی مۆبایلی دروست کرد بەناوی (تۆردیك مۆبایل تەلەفەن)[2].

ئەمە وەك یەکەم سەرەتا دادەنرێت بۆ سەرهەڵدانی مۆبایل لەجیهاندا ، کە بەشێوەیەکی سادە بەکاردەهات ، تەنها خزمەت گوزاری گواستنەوەی دەنگی پێ دەکرا .

ورده ورده ئەم خزمەت گوزاریە فراوان کراو گەلێ تایبەتمەندی بۆ زیاد کرا ، کەلەساڵی ١٩٩١ سیستمی کارپێکردنی (GSM) خستە ڕوو کەخاوەنی پێکهاتەیەکی ئەوروپی بوو ، لەساڵی ٢٠٠١ سیستمی سێیەم (G3) خستە بواری کارکردنەوە ، کە خزمەت گوزاری فراوانی پێش کەش دەکرد ، چونکە تواناکەی (٣,٦) مێگابایت بوو لە چرکەیەکدا .

کەئەمەش وایکرد ساڵ لەدوای ساڵ ڕێژەی بەشداربوانی زیادبکات بەهۆی بەرەوپێش چوونی خزمەت گوزاریەکانی مۆبایلەوە وای‌کردوە زیاتر سەرنجی بەشداربوان ڕابکێشی کەلەئێستادا (٨٠٪) دانیشتوانی جیهان مۆبایل بەکاردەهێنن[3].

کەئەمەش ڕێژەیەکی ئێجگار زۆرە لەچاو خزمەتگوزاریەکانی تری تەکنەلۆژیا بەتایبەتی ئینتەرنێت و فاکس و ........هتد .

---

[1] فەوزی صالح ، تەلەفونی گوازراوە ، پشوی کوردستانی نوێ ، ژمارە ٣٣ ، سلێمانی ، ٢٠٠٢ ، لا ٢٨ .

[2] هادی علی ، یادی پەنجا ساڵەی دروست کردنی مۆبایل کرایەوە ، داهێنان ، ڕۆژنامەی قوتابیان و لاوانی یەکگرتوو دەری دەکات ، سلێمانی ٢٠٠٦ ، لا ١٢ .

[3] هادی علی ، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لا ١٢ .

**کوردستان وەك هەموو وڵاتانی جیهان هەمیشە لەپێشکەوتن و هەوڵی هێنانە ناوەوەی جۆرەها تەکنەلۆژیا دەدات بۆ ناوەوەی هەرێم ، مۆبایلش وەکو یەکێك لەبەرهەمە پێشکەوتوەکانی تەکنەلۆژیا لە کوردستان نوێیەو لەم ساڵانەی دوایدا پەیدا بوو .**

**یەکەم تۆڕی مۆبایل لە کوردستان ئاسیاسێڵ بووە کە لەساڵی ١٩٩٩ لەسلێمانی بەشێوەیەکی سنوردار و توانایەکی سنوردار کرایەوە بەڵام لەبەرواری (٦ / ٢ / ٢٠٠١)دا وەکو سیستمی(GSM) دەست بەکاربوەو خزمەت گوزاری پێشکەش بە هاوڵاتیان کردوە[1].**

**بەم شێوەیە خزمەت گوزاری مۆبایل لە کوردستاندا فراوان بوو وەپەرەی سەند ، کەلەم دوایەدا وای لێ هات کەم کەس هەبوو مۆبایلی تایبەتی پێنەبێ و هەندێ جاریش خاوەنی زیاتر لە (٢) مۆبایلن .**

**ئەم ئامێرە وەك هەموو بەرهەمەکانی تری تەکنەلۆژیا هەردوو لایەنی باش و خراپی هەیە کەئەویش کەوتۆتە سەرشانی بەکارهێنەرانی کەبۆ چ مەبەستێك بەکاری دەهێنن .**

**چاوپێکەوتن لەگەڵ نوسینگەی ئاسیاسێڵ تەنیا بەمەبەستی وەرگرتنی داتاو بەرواری دامەزراندنی ئاسیاسێڵ بووە لە سلێمانی .**

---

[1] **چاوپێکەوتن لەگەڵ دارا بابارسول ، بەرپرسی بەشی یاسایی لە نوسینگەی ئاسیاسێل ، سلێمانی ، ٨ / ٢ / ٢٠١٠ .**

## دووەم : کاریگەری مۆبایل لەسەر ڕەفتاری کۆمەڵایەتی هەرزەکار

ئـەم قۆناغـە گـرنگترین و ناسـکترین قۆناغـەکانی ژیانـە کـە مـرۆڤ پێـدا تـێ دەپـەڕێت ، قۆناغێکی زۆر هەستیارە لـەژیانی هەرمرۆڤێکدا ، گرنگـی و بایـەخی خـۆی هەیـەو کاریگـەری لەسەر داهاتووی هەرتاکێك دەبێت .

ئـەو گۆڕانکاریانـەی لەتەمـەنی هەرزەکاریـدا ڕوودەدەن زۆرجـار هۆکـارن کـەوا لەهـەرزەکار دەکات ڕووبەڕوی زۆرکێشە و گرفتی کۆمەڵایەتی ببێتەوە .

خێزان یەکـەمین و سـەرەکیترین ژینگەیـە بـۆ پێگەیانـدنی مـرۆڤ لەمنداڵیـیەوە تاهـەرزەکاری وتاکو پێدەگات ، لەبەر ئەوەی ڕۆڵی خێزان لەپاراستنی هـەرزەکاران و لادانیـان گرنگیـیەکی گەورەی هەیە[1] .

بێگومـان پـەروەردەی خێـزان و قوتابخانـەش کاریگـەری زۆریـان هەیـە لەسـەر ڕەفتـاری هەرزەکار و بەتایبەت لەپەیوەندیدا بە بەکارهێنانی ئامێرە تەکنەلۆژیـەکان و چۆنیەتی سود وەرگرتن لەو ئامێرانە بۆکاری پێویست .

پێویستە هۆشیاری تەواو بدرێتە هەرزەکاران سەبارەت بەچۆنیەتی بەکارهێنانی ئەم ئامێرە چونکە بەهۆی نەبونی هۆشیاری پێویست سەبارەت بەچۆنیەتی بەکارهێنانی ئەم ئامێرەوە ڕوبـەڕوی کێـشەی زۆر دەبنـەوەو زۆرجـار دەبنـەهۆکاری کێـشە بـۆ دەوروبـەرو کۆمەڵگـەش ، دایـك و بـاوکی ڕۆشـنبیر هەرلـەزوەوە منـداڵ لەسـەر ئـەم تەمەنـە ڕادەهێـنن و بەشـێوەیەکی سروشـتی قۆناغەکـە تێپـەڕێنن بـێ ئـەوەی توشـی سەرکێـشیگەورە و لادان ولاسـاری زۆر ببنەوە[2] .

خێزان دەتوانێت لەڕێگەی پرۆسەی بەکۆمەڵایـەتی کردنـەوە ئەندامـەکانی فێـری ئەتـەکێتی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیاو ڕێزگرتنی سنوری بەرامبەر بکات .

لەقۆناغی هەرزەکاریـدا مـرۆڤ ئارەزوی شـتی نوێدەکات لەهـەڵس و کـەوت و بیرکردنـەوەدا ، وەئـارەزوی ئـەوەدەکات لەدەوروبـەری خـۆی دەربـچێت و ژیـان بەگـشتی تـاقی بکاتـەوە ، پێویـستیبە داواکـاری نـوێ و گـۆڕانی زیـاترە ، بۆیـە هەمیـشە توشـی کێـشە و ململانـێ دەبێتەوە لەگەڵ خێزان و کۆمەڵدا[3] .

---

[1] د.عادل عبالحسين شكارة ، علم الأجتماع ، بدون مكان مطبعة ، بغداد ، ١٩٨٩ ، ص١٦٨ .

[2] ئەکرەم قـەرەداغی ، کچە هـەرزەکاری کـورد و کێشەو خەسڵەتەکانی ، گۆڤـاری تـەوار ، ژمـارە:٢٤ ، چاپخانەی تـەوار ، سلێمانی ، ٢٠٠٨ ، ل٦١ .

[3] د.عبدالعزيز السامغ ، المراهقة ، مطبعة السجل ، بغداد ، ١٩٦٢ ، ص٢٧ .

بەکارهێنانی مۆبایل لەلایەن هەرزەکارانەوە زۆرجار بەمەبەستی لاسایی کردنەوەو کات بەسەربردن و بێزارکردنی بەرامبەرە .

لەکۆمەڵگای ئێمەدا لاسای کردنەوەو چاولێکەری دیاردەیەکی بەربلاوە ، واتە هەرئەوەندە دیاردەیەك سەری هەڵدا ئەوا پاش ماوەیەك وەك پەتایەکی ترسناك زۆر بەخێرای بلاودەبێتەوە[1] .

هەرزەکاریش هەمیشە حەزی بەئەزمون کردنی شتە نوێکان هەیە و خێزان و هاوڕێ کاریگەریان هەیە لەسەری و لەبەرئەوەی زۆرجار بەکارهێنانی مۆبایل تەنیا بەمەبەستی لاسایی کردنەوەو چاولێکەریە کەهەرزەکارەکە توشی لادان و گرفت دەکات .

کۆمەڵناسان لەو بڕوایەدان کەزۆربەی شێوەکانی لادانی سلوکی لە کەسێکەوە دەگوازرێتەوە بۆ کەسێکیترو ئەم پرۆسەی فێربونە هەمان میکانیزمی پرۆسەکانی فێربوونی تری هەیە[2] .

بەهەڵەو خراپ بەکارهێنانی مۆبایل کۆمەڵێك کێشە دروست دەکات بۆ هەرزەکار لەپەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانیدا کەهەرەدیارترینیان بریتیە لە ناڕاستگۆیی لەپەیوەندیداو سەرقاڵ بوونی بەکۆمەڵێك کاری بێسودەوە ، لادان لەپەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان ، ئەمە سەرەڕای کاریگەری سلبی بۆ سەرژیانی و ڕۆڵ و ئەرکە کۆمەڵایەتیەکانی ، کە زۆرجاریش هۆکاری ئەم خراپ بەکارهێنانە دەگەڕێتەوە بۆ لاوازی لێهاتوییەکانی و کەمی بوار بۆبەدی هێنانی خواستەکانی .

زۆرجار هەرزەکار نەیتوانیوە هاوسەنگی ڕابگرێت لە نێوان پێداویستی و حەزو خواستەکانیدا ، هەر لەم ڕوانگەیەوە زیانی زۆری هەبووە لەڕووی دەرونیەوە زۆرکات بۆ پڕکردنەوەی کاتی بەتاڵ بەکاردێت و نەتوانراوە سودی لێ وەربگرێ بۆکارەکەی[3] .

ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی هۆشیاری پێویست لەلای هەرزەکارو بەهەڵە تێڕوانین و وێنا کردنی لەسەر مۆبایل .

بەهەمان شێوە هاوڕێی خراپ و لادەر کاریگەریەکی زۆری هەیە لەسەر هەرزەکار کە مۆبایلەکانیان پڕدەبێت لەگرتە سێکسیەکان و لەڕێی (Bluetooth)* وێنەی هەرچیەکیان بوێت زۆر بەئاسانی بلاوی دەکەنەوەو بۆ یەکتری دەنێرن .

---

[1] د.کەریم شەریف قەرەچەتانی ، هەندێك نەخۆشیو گرفتی دەرونی و کۆمەلایەتی ، بێشوێنی چاپ ، هەولێر ، ۱۹۹۹ ، ل۱۹۸ .

[2] بروس کۆهین ، سەرەتایەك بۆ کۆمەڵناسی ، و: هێمن شەریف ، چاپخانەی چوارچرا ، ۲۰۱۰ ، ل۱۵۷ .

[3] عصام بن محمد شريف ، پەیوندیە تەلەفونیەکانی کوڕان و کچان ، و:مسعود حمەموراد ، چاپی گەنج ، سلێمانی ، ۲۰۰٦، ل۱۷۷ .

*:Bluetooth سیستمێکی پێش کەوتوە لە مۆبایلدا هەیە بەکاردێت بۆ گواستنەوەی وێنەوفلیم ورەسم دەتوانرێ بۆشتی گونجاو بەکاربێت و بەپێچەوانەشەوە .

توێژەرانی کۆمەڵایەتی دەڵێن بینینی ئەوگرتە سێکسیانە لەلایەن هەرزەکارانەوە لەوانەیە توشی لادانیان بکات[١].

هەروەها کاتێک کچان هاوڕێیەتی لەگەڵ کوڕان دەبەستن هەندێکیان لە ڕێگەی مۆبایلەکانیانەوە وێنەی خۆیان بۆ یەکتری دەنێرن و بەمەش نازانن کاتێ کچەکە هەست دەکات کوڕەکە پارەیەکی زۆری لێ داوادەکات ، یان داوای ڕابواردن لە کچەکە دەکات ، بەرامبەر بلاو نەکردنەوەی وێنەکەی ، کەلەم کاتەدا کچەکە توشی کێشەیەکی گەورەدەبێت کەنازانێت چیبکات[٢] ، کە ئەمەش گرفتێکی گەورەیە و زیانی لەسەر کۆمەڵگاش دەبێت نەک تەنها هەرزەکاران .

لە هەندێ کاتدا زۆری ژمارەی خێزان کاریگەری خراپی هەیە لەسەر هەرزەکاران دەبێتە هۆی لادانیان ، چونکە کۆمەڵێك کێشەی کۆمەڵایەتی و ئابوری لێ دەکەوێتەوە هەروەها دەبێتە هۆی کەم بونەوەی توانای کۆنترۆڵی دایك و باوکان بۆ کوڕو کچەکانیان[٣].

ئەمەش کاریگەری سلبی بۆسەر هەرزەکارەکە دەبێت کە زۆرجار خاوەنی مۆبایلێك زیاترن و دایك و باوکیش ناتوانن لێ پرسینەوەیان لەگەڵدا بکەن .

زۆرجار هەبووە و هەیە کە کچێك چەندین ژمارەی مۆبایلی گۆڕیوە لە ترسی بێزارکردنی و توڕەبوون لێی لەماڵەوە[٤] ، کە ئەمەش دەگەڕێتەوە سەرئاستی ڕۆشنبیری خێزان کە تاچەند کێشەی کوڕو کچەکانیان بەشێوەیەکی ڕاست و دروست چارەسەر دەکەن .

لێرەوە ئەوەمان بۆ دەردکەوێت کەدرێژی قۆناغی هەرزەکاری بە ڕادەیەکی گەورە دەوستێتە سەر ئەوبارە ڕۆشنبیریە کۆمەڵایەتیەی ئەو شوێنەی هەرزەکاری تێدا دەژی[٥].

قەیرانی ڕەفتاری هەرزەکارو خراپ بەکارهێنانی ئامێرە تەکنەلۆژیەکان بەگشتی و مۆبایل بەتایبەتی زەحمەتە ، چونکە پەیوەستە بەکەسایەتی و شێوازی بیرکردنەوەی تاکەکە هەروەها نەبوونی خۆئامادەکردن لەلایەن هەرزەکارەوە بۆ چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەم ئامێرە.

سەرەڕای بوونی هەموو ئەم کاریگەریە خراپەی مۆبایل لەسەر هەرزەکار کە بۆتە هۆی دروست بوونی چەندین کێشە ، بەڵام هەندێ جار هۆکارێکی زۆرباش بووە بۆ گەیاندنی هەواڵی بەسود سودی لێ وەرگیراوە ، کە ئەمەش دەکەوێتە سەرئاستی ڕۆشنبیری تاکەکە بۆ چۆنیەتی سودوەرگرتن لێی .

---

[١] ڕۆژنامەی هاوڵاتی ، ژمارە ٣٨٥ ، چاپخانەی ڕەنج ، سلێمانی ، ٢٠٠٨ ، لا ١٧ .

[٢] عصام بن محمد شريف ، پەیوندیە تەلەفونیەکانی کوڕان وکچان ،و:مسعود حمەموراد ، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لا٥٥

[٣] د.أحسان محمد شريف ، المرهقة كمشكلة أجتماعية ، بدون مكان مطبعة ، بغداد ، ١٩٩٩ ، ص١٠ .

[٤] عصام بن محمد شريف، پەیوندیە تەلەفونیەکانی کوڕان وکچان ، و:مسعود حمەموراد ، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا٨١

[٥] گەشاو عبدالقادر ، هەرزەکاران با خۆیان بدوێن ، وەزارەتی ڕۆشنبیری ، وەزارەتی چاپ و بلاوکردنەوەی سلێمانی ، ٢٠٠٧ ، لا١٩ .

**بۆیە دەمانەوێت بڵێین مۆبایل ئامێرێکی تەکنەلۆژیای پێش کەوتوە ، بتوانین بەشێوەیەکی شارستانی بەکاری بهێنین و لەکاتی خۆیدابێت ، بەلاّم بەپێچەوانەوە دەبێتە هۆی بێزار کردنی خەڵك .**

**پێویستە ئێمە لەوکەسانەبین کە بەهۆی رۆشنبیریەکەمانەوە خزمەت بە کۆمەڵگا بگەیەنین ، پێویستە هەوڵی وشیارکردنەوەی تاکەکان بدەین و کۆمەڵگایەکی تەندروست و رۆشنبیرمان هەبێت .**

## سێیەم : بوارەکانی بەکارهێنانی مۆبایل و زیانەکانی

مۆبایل واتە ئامێرێکی پەیوەندی بچوك کە پەیوەستە بەکۆمەڵێك تۆڕی پەیوەندیەوە ، ئەو مۆبایلەی ئێستا هەیە گۆڕانکاری زۆری بەسەردا هاتووە وەك لەسەر شێوە کۆنەکەی نەدەتوانرا لەماوەیەکی دیاری کراو زیاتر قسەی پێ بکرێت و بۆهەندی شوێن نەدەبوو چونکە بەهۆی نەبوونی دیاری کراوی تۆرەپەیوەندیەکەوە ، بەلاّم ئێستا بەپێچەوانەوە لەهەرشوێنێك بین دەتوانین قسەی پێ بکەین .

هەروەها دوایی پێشکەوتنی بەسەردا هات و ڕێکخراوی تەلەفونی نەتەوەیی کە ڕێگەیئەدا چەند کەسێکی دیاریکراو بەکاری بهێنن ، کە ئەمانە کەسی دەوڵەمەند بوون ، بەلاّم لەدوایدا بۆناو هەموو خەڵك بلاّو بوەوە[1] .

ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەم ئامێرە وەك ئینتەرنێت نییەو هەموکەس دەتوانێت بەکاری بهێنێت و سودی لێ وەربگرێت واتە هەموو توێژەکانی تەمەن و هەردوو ڕەگەز ، هەمو ئاستەکانی خوێندەواری و نەخوێندەواری بەڕێژەیەکی لێك نزیك وەکو یەك سود ببینن[2] .

هەرئەمەش وادەکات مۆبایل لە زۆر بواردا بەکاربێت و سودی زۆر بگەیەنێت بە بەکار هێنەرانی ، هەروەها لای خۆمان زۆربەی کەسە بازرگانەکان بەهۆی مۆبایلەوە کارەکانیان ڕادەپەڕێنن لەو ولاّتانەی کە کەل و پەلەکانیان لێ دەهێنن و کات و پارەیەکی زۆریان بۆ دەگەڕێتەوە .

هەروەك لەبواری تەندروستیدا سودی زۆری لێ وەرگیراوە لەشێوازەکانی پەیوەندی کردن بەتەلەفون ، بەتایبەتی دکتۆرەکان بۆ چاودێری کردنی نەخۆشەکانیان و لەکاتی گواستنەوەیان و هات و چۆ کردنیان لەڕووی دیدەوانییەوە کەنەتائیجی فەحسەکان و جۆری خوێنەکانی پێ دەگوێزرێتەوە[3] .

هەروەها لەڕووی خوێندنەوەشەوە سودی لێ وەرگیراوە لە چۆنیەتی ڕێبەری کردنی فێربوون لە دەرەوەی خوێندنگا بۆ کەسی بچوك و گەورە لەبواری خوێندنی ڕەسمی و ناڕەسمیدا[4] .

---

[1] فضیل دلیو ، الأتصال ، مفاهیمه ونظریاته وسائله ، دارالفجر ، القاهرة ، ٢٠٠٣ ، ص١٧ .

[2] یوسف عوسمان حمد ، پەیوەندیە ئەلکترۆنیەکان و کاریگەری لەسەر پەیوندیە کۆمەلاّیەتیەکان ، گۆڤاری گەیاندن ، ژمارە(٥) ، بێ شوێنی چاپ ، سلێمانی ، ٢٠٠٧ ، ل٢٨ .

[3] د.صفا حداد ، المهندس سعید أبراهیم ، الأتصالات ، ص١٣ .

[4] هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ص١٣ .

مۆبایل شۆڕشێکی گەورە بو لە جیهانی پەیوەندیەکاندا بەڵام وەك هەرداهێنانێکی تر لەگەڵ بوونی سودی زۆری زەرەرو زیانێکی زۆریش لەسەر ئەوکەسانە جێ دەهێڵێت کە زۆر بەکاری دەهێنێت .

زۆر بەکارهێنانی بۆتە هۆی ئەوەی لەلایەن زۆرێك لەدکتۆر و پسپۆڕەکان باس لەزیانەکانی بکەن لەڕوی تەندروستی و نەفسی و کۆمەڵایەتی و ئابوریەوە .

هەروەها لە نوێترین لێکۆڵینەوەی زانستیدا سەبارەت بەزیانەکانی ئامێری مۆبایل لەسەر لەشی مرۆڤ دەرکەوتوە کە قسەکردن و زۆر بەکارهێنانی مۆبایل ژمارەی زیندەوەرەکانی ناو تۆوی مرۆڤ کەم ئەکاتەوەو چالاکی تۆوەکە لاواز دەکات[1] .

هەروەها بە جێهێشتنی ئامێری مۆبایل لە ژوری نوستندا دەبێتە هۆی کەم خەوی و زیادە رۆیش لە بەکارهێنانیدا دەبێتە هۆی پەککەوتنی دەمارەکانی مێشك و لاواز بوونی دڵ[2] .

ئەمە جگە لەوەی کەهەندێ کەس ئەم ئامێرە بۆ بەسەربردنی کات بەکاردەهێنێت و بۆ سود وەرگرتن لەکارەکەی بەکاری ناهێنێت و کەسانی تریش بێزار دەکات .

ئەمە جگە لەوەی کە سەرتا وادەزانرا کەتەلەفونی دەستی زیانی نیە بەڵام چەندین توێژینەوە ئاماژە بەوە دەکەن کەلەڕادەبەدەر بەکارهێنانی مۆبایل زۆر زیانبەخشە و تەنانەت هاوشێوەی توتن مرۆڤ توشی چەندان جۆری شێرپەنجە دەکات وەك شێرپەنجەی مێشك ئەمە جگە لەزیان گەیاندن بە ئابوری تاك و خێزان[3] .

ئەم زیانەش بە هۆی ئەو وزە داگیرساوەیە لەناو تەلەفونەکاندا کە زۆر نزیکە لەسەری مرۆڤەوە لەکاتی گفتوگۆکردندا وەزۆر لە توێژەرەوەکان هەوڵیان داوە بۆ دۆزینەوەی ناوەندێ کەیەك بگرێتەوە لە نێوان تێکچونی فیزیۆلۆجی و سەرئێشەو بەرزبونەوەی پەستانی خوێن و شێرپەنجە لەگەڵ تەلەفوندا ، کەدەرکەوتووە کاریگەری زۆری هەبووە ، تەلەفون بۆتە هۆی ئەو نەخۆشیانەو چەندین نەخۆشی تری ناوەکی وەکو لاواز بونی پەردەی گوێی مرۆڤ[4] .

---

[1] گۆڤاری خاك ، مۆبایل تۆوی پیاوان داخان دەکات ، چاپخانەی دلێر ، سلێمانی ، ژمارە ١٥٠ ، لا ٤٤ .

[2] بابەتێك وەرگیراوە لەسەر مۆبایل لە ماڵپەڕی K – Zanst . blogspot . com

[3] د.زاهیر سۆران ، مەترسی تەلەفون لە مەترسی توتن زیاترە ، گۆڤاری خاك ، سلێمانی ، ژمارە ١٤٠ ، لا ٣٦ .

[4] فضیل دلیو ، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لا ١٩ .

**هەروەها یەکێکی تر لە زیانەکانی مۆبایل شێواندنی بەینی هاوسەرانە لەگەڵ یەکتر[1] .**

**وەیـەکێکی تـر لەزیانـەکان ئەوەیـە کـە سایکۆلۆجستەکان لەگـەڵ ئـەو بـۆ چـونەن کـە زۆری پەیوەندی یاخود شەپۆلەکانی مۆبایل و ئامێرەکانی تری پەیوەندی کردن نیگەرانی دروست دەکات و تاك توشی تەنگەژەی دەرونی دەبێت بەتایبەتی خەمۆکی[2] .**

**هەروەها کۆمەڵەی پزیشکی بەریتانیا چەند ئامۆژگاریەکیان بڵاو کردۆتەوە وەك هۆشیاری و ئاگـاداری هاوڵاتیـان لـە مەترسـی مۆبایـل بـە تایبـەتی ئەوانـەی کەنامـە ئەلکترۆنی‌یـەکان دەگوێزنەوە ، کەکاریگەری بۆسەر کۆئەندامی زاوزێ و ئەندامەکانی تری لەش هەیە[3] .**

---

[1] گۆڤاری خاك ، بەزمی مۆبایل ، گۆڤارێکی مانگانەیە ناوندی خاك دەری دەکات ، ژمارە١٠٨ ، چاپخانەی دلێر ، سلێمانی ، ٢٠٠٦ ، ل٥٣ .

[2] یوسف عثمان ، ئامێری مۆبایل و ڕەشە کوژی ، گۆڤاری گەیاندن ، ژمارە ٢ ، بیٚ شوێنی چاپ ، ٢٠٠٧ ، ل١٩ .

[3] ڕۆژگار لطیف ، مەترسیەکانی مۆبایل ، گۆڤاری نیگا ، ژمارە ٤ ، چاپخانەی چوارچرا ، ٢٠٠١ ، ل١٩ .

## چوارەم : کاریگەری مۆبایل لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتیدا

ژیـانی کۆمەڵایـەتی بریتی‌یـە لـە چـەندین پەیوەنـدی کۆمەڵایـەتی ، کـە هەریەکـەیان بەشـێوەیەکە و لەڕێگـەی ئامرازێکـەوە دەبێـت ، کـە ڕاسـتەوخۆ یـان ناڕاسـتەوخۆ تاکـەکان دەتوانن کارلێك بکەن لەگەڵ یەکترو ئەو پەیامەی پێیانە بیگەیەننە بەرامبەرەکانیان .

مۆبـایلیش یەکێکـە لـەو ئامرازانـەی کـە دەتـوانرێ لـە ڕوانگەیـەوە پـەرە بـە پەیوەندیـە کۆمەڵایەتی‌یـەکان بـدەین ، گـەر توانیمـان بەشـێوەیەکی دروسـت بـەکاری بهێـنین ، بـەڵام هەنـــدێجار ئـــەم بەکارهێنانـــە بـــە شـــێوەیەکی نادروســـتە و دەبێتـــە هـــۆی تێکـــدان و هەڵوەشـاندنەوەی پەیوەندیـە کۆمەڵایەتی‌یـەکان و کاریگـەری خـراپ لەسـەر تـاك و خێـزان و کۆمەڵگە بەجێ دەهێڵێت .

مۆبایل ئامێرێکی گرنگە بۆ بەرێکردنی زۆرینەی کارەکانی ڕۆژانەمان ، بەڵام هەندێکات ئەو ئـامێرە دوور لەویـژدان و ئاسـتی ڕۆشـنبیری بـەدیوێکی تـردا لەلایـەن هەنـدێ کەسـانەوە بەکاردێت و دەبێتە هۆی دروست بوونی کێشەی کۆمەڵایەتی جۆراوجۆر بۆ خێزانەکان[1] .

سەرەنجامی بوونی ئەم کێشە کۆمەڵایەتیانەش زۆرجار دەگاتە سکاڵا دەربڕین و تۆمارکردن لەسەر کەسی خاوەن مۆبایل .

ئەمە سەرەڕای ئەوەی بەلایەنی کەم هەفتەی (٢) سکاڵا لەسەر مۆبایل تۆمار دەکرێ[2] ، بـەڵام زۆرکـەم دەگەنـە ئـەنجام چونکە خـاوەنی سـیم کارتەکـە دیارنی‌یـەو نـاتوانرێ لێپرسـینەوەی لەگەڵ دا بکرێ و ڕوبەڕوی یاسا بکرێتەوە ، تەنها دەتوانرێ خەتەکە ببڕدرێ .

لەلایەکی ترەوە مۆبایل کێشەی زۆری بۆناوندەکانی خوێندنی ئامادەیی و ناوەندی دروست کردوە بە تایبەتی کچان بە شێوەیەك مۆبایل بەکاردەهێنن کە کاریگەری کردۆتـە سـەر وانـەو فیکرو هۆشیاری[3] .

کەئەمـەش دەگەڕێتـەوە بۆ نـەبونی وشیاری پێویست بەرامبـەر بە ڕۆڵ و بـەکارهێنانی ئـەو ئـامێرە و هـەروەها بـەکارهێنانی مۆبایـل وەك هۆکـاری سـەرگەرمی و کـات بەسـەربردن نـەك ئامرازی پەیوەندی و بۆ کاتی پێویست .

---

[1] ڕێزە حسن ، مۆبایل هۆکارێکی ترە بۆ زیاد بوونی کێشەی کۆمەڵایـەتی ، ڕۆژنامـەی ڕێبـازی ئـازادی ، ژمـارە ٥٩٧ ، بێ شوێنی چاپ ، سلێمانی ، ٢٠١٠ ، لا ٤٤ .

[2] کەریم موراد ، کۆڕەك تیلیکۆم و گرفتە کۆمەڵایەتی‌یەکان ، هەفتەنامـەی گـوڵان ، ژمـارە ٦٢٥ ، دەزگـای ئـاراس ، هـەولێر ، ٢٠٠٧ ، لا ٥٦ .

[3] بەفرین کەمال ، خوێندکارانی ئامادەیی مۆبایل بۆ پڕکردنەوەی کات بەکار دەهێنن ، داهێنـان ، ژمـارە ١٥٤ ، چاپخانـەی کوردستان ، سلێمانی ، ٢٠٠٦ ، لا ٦٤ .

هەروەها ئەمە لەکاتێکدا ڕوئەدات دەری دەخات کە مۆبایل لە کاتێکدا هاتۆتە ولاتەکەمان کەکاتێکی زوو بوەو رۆشنبیری تاکەکانی لە بەرامبەردا زیاد نەکراوە ، سەبارەت بەچۆنیەتی ببەکارهێنانی ، هەروەها خێزانیش دەوری ئەوتۆی نەبووە کە چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەم ئامێرە بەشێوەیەکی تەندروست فێری نەوەکانی بکات .

هەروەك زانا (ئۆگبرن) ئاماژە بۆ چەمکی (دواکەوتوی شارستانی) دەکات ، کە جیاوازی هەیە لە نێوان لایەنی معنوی شارستانی و لایەنی مادی شارستانی[1] .

ئۆگبرن پێی وایە کاتێك تەکنەلۆژیایەکی نوێ دروست دەبێت تاکەکانی کۆمەڵگا لایەنە مادیەکەیان زووتر پێ دەگات لەلایەنە معنویەکە کە ئەمەش کاریگەری دەبێت لەسەر هۆشیاری تاکەکان لە بەرامبەر چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەو ئامێرانە .

ئەتوانین لەئێستادا لە کۆمەڵگای کوردیدا زۆر بەڕوونی تێبینی ئەوە بکەین کە زۆرینەی تاکەکان بە تایبەتی چینی هەرزەکاران و مندالآن هۆشیاری پێویستیان نیە لەسەر چۆنیەتی بەکارهێنانی مۆبایل و ئەمەش دەبێتە هۆی زیان گەیاندن بەخودی خۆیان و بەتاکەکانی تری دەوروبەریان .

ئەمەش بە زۆری لە ناوەندەکانی خوێندنی ئامادەیی و زانکۆدا بە دەردەکەوێت ، کە ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ئاستی رۆشنبیری تاکەکانمان نە گەیشتۆتە ئاستێکی باش و تێگەیشتو کە بەشێوەیەکی دروست مۆبایل بەکاربهێنن[2] .

هەندێ کات لەکۆمەڵگای ئێمەدا هەرزەکاران نازانن چۆن سودی لێ وەرگرن و بۆ خزمەت کردن و بۆکاری پێویست بەکاری بهێنن ، بەڵکو بەپێچەوانەوە دەوروبەر بێزار دەکەن و کێشە بۆ خۆیان و خەڵك دەنێتەوە .

ئەمەش لەکۆمەڵگای ئێمەدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بۆشاییە گەورەیەی لایەنی مادی لەگەڵ لایەنی معنەوی لەهۆشیاری تاکەکاندا هەیە .

کە ئەمەش زۆرجار کێشەی زۆرو جۆراوجۆری لێ دەبێتەوە کە کاردەگاتە تۆمارکردنی سکالآ لەدادگا ، کە لەساڵی (٢٠٠٨)دا (١٤٤٨) سکالآ لەسەر کێشەی مۆبایل تۆمارکراوە و لەساڵی (٢٠٠٩)دا ڕێژەکە بەرزدەبێتەوەو دەگاتە (١٧٥٠) سکالآ[3] .

کەئەمە تەنیا بۆ شاری سلێمانیە دەردەکەوێت کە ڕێژەی کێشەکان ڕووی لە زیاد بوون کردوە .

---

[1] د. قيس نورى ، د. عبدالمنعم الحسني ، النظريات الأجتماعية ، بغداد ، بدون سنة و مكان مطبعة ، ص٢٣٨ .

[2] نزار غزالى ، مۆبایل لەنێوەندەکانی خوێندن ، هەفتە نامەی هەرێم ، ژمارە ٣٧٠ ، بێ شوێنی چاپ ، سلێمانی ، ٢٠٠٦ ، لا ٨ .

[3] چاوپێکەوتن لەگەڵ دادوەر ئاراس مجید ، خانەی داد لە سلێمانی ، ٢٠١٠/٤/١١ .

هـەروەها کۆمپانیـای ئاسیاسـێڵ تـەنیا لەسـاڵی (٢٠٠٨)دا (٢٢٣٣) خـەتی داخـستووە ، بەشـێوازێکی یاسـایی و لەسـەر داوای دادگـا ، هـەروەها لەسـاڵی (٢٠٠٩)دا (٢٠٠٣) خـەت داخراوە ، کە هۆکاری کە مبونەوەی ئەم ڕێژەیەش دەگەڕێتەوە بۆ بوونی خزمەت گوزاری (byby system)* لەلایەن کۆمپانیای ئاسیا سێڵەوە[1].

لەم ڕوانگەیەوە بەهۆی ئەو پێشکەوتنە خێرایەی کەلەبواری تەکنەلۆژیادا ڕوودەدات ، بەڵام تاکـەکان هۆشـیاریان هەرلەشـوێنی خۆیـەتی و هـیچ پێشکەوتنێکی وای نـەدیوە کـە بتـوانێ لەگەڵ لایەنە مادیەکە خۆی بگونجێنێ و بۆ شایی ڕوونەدات ، کەدەبێتە هۆی ئەوەی تاکەکان بە شێوەیەکی نادروست و پێچەوانەی کۆمەڵگا بەکاری بهێنن[2].

لەلایەکی ترەوە ئەمەش ناگەیەنێت کە ئەم ئامێرە لەلایەن تاکەکانی خێزانەوە بە شێوەیەکی خـراپ بـەکار هـاتووەو بـەهیچ شـێوەیەك بـاش بەکارنـەهاتووە ، بـەڵکو بگـرە لـەزۆر بـواردا یارمەتی دەرێکی باش بووەو زۆرکاری بۆ ئاسان کردوین .

لەهەمووی گرنگتر ئەوەیە ئێستا دەتوانین لەڕێگەی مۆبایلەوە کاری مارەکردن یان مارەبڕین ئـەنجام بـدەین ، وەك ئـەوەی کوڕەکـە لـە ولاّتێکـەو کـچەکەش لـە ولاّتێکـی تـرە کەئەمـەش سودێکی باشی مۆبایلە[3] .

کەواتـە ئـەتوانین بڵـێین مۆبایـل هەنـدێ کـات هۆکارێـك بـووە بـۆ پتـەوبوونی پەیوەندیـە کۆمەلاّیەتیەکان و مۆبایل توانیویەتی زۆرکات و شوێنی دورمان بۆ نزیك بکاتەوە .

---

* (byby system) : ئەو خزمەت گوزاریەیە کە کاتێ کەسێك بێزار دەکرێت بەهۆی ژمارەیەکی نەناسراو لەڕێی ئەم خزمەت گوزاریەوە پەیوەندیەکەی دادەخرێ و ناتوانێ پەیوەندی بکات .

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ دارا بابارسول ، بەرپرسی بەشی یاسایی لە نوسینگەی ئاسیاسێل ، سلێمانی ، ٨ / ٢ / ٢٠١٠ .

[2] عصام بن محمد شریف ، سەرچاوەی پێشوو ، لا٨٨ .

[3] یوسف عثمان ، پەیوەندیە ئەلکترۆنیەکان و کاریگەری لەسەر پەیوندیە کۆمەلاّیەتیەکان ، گۆڤاری گەیاندن ، ژمارە(٥) ، بێ شوێنی چاپ ، سلێمانی ، ٢٠٠٧ ، لا٢٥ .

# بەشی سێیەم : هەنگاوە پراکتیکیەکانی توێژینەوە

## باسی یەکەم : ڕێبازو بنەماکانی توێژینەوە

## ١. ڕێبازی توێژینەوەکە :

ڕێباز بریتیىیە لەو ڕێگایەی کە دەمانگەیەنێت بە ڕاستی زانستی لە زانستە جیاوازەکاندا ، کە بریتیىیە لە یاسایەکی گشتی ، کە ژێری زاڵە بە سەریداو بۆ دەست نیشان کردنی کردارەکان ، بۆ گەیشتن بە دەرەنجامێکی پەسەندکراو[1] .

هەموو دیاردەو گرفتێك تایبەتمەندی خۆی هەیەو جیایە لەوەی دیکە ، ئەم تایبەتمەندیانەش توێژەر ملکەچ دەکەن بۆ هەڵبژاردنی ڕێبازی تایبەت بەو بابەتەو توێژینەوە لێی و چارەسەرکردنی گرنگترین ئەو ڕێبازەی کەلەم توێژینەوەیەدا بەکار هاتووە ئەمەیە :

ڕێبازی ڕوپێوی کۆمەڵایەتی

دەتوانین میتۆدی ڕوپێوی کۆمەڵایەتی وەك ڕێگەیەك لە ڕێگەکانی توێژینەوەی کۆمەڵایەتی پێناسە بکەین ، ئەویش لەمیانەی ئەو پێناسەیەی کە زانا (هارسیۆن) کردویەتی بەوەی کە بریتیىیە لە هەوڵدانێکی هاوکارانە کە ڕێڕەوێکی زانستیانە دەگرێتەبەر بۆ لێکۆڵینەوەو چارەسەر کردنی ئەو گرفتە کۆمەڵایەتیانەی کە لەچوارچێوەو سنورێکی جوگرافی دیاری کراودا سەر هەڵدەدەن[2] کە بەڕێگەی نمونە وەرگیراوە .

## ٢. کۆمەڵگای توێژینەوە :

کارێکی ئاسان نىیە لەبواری توێژینەوەدا سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگا وەربگرێت ، کە دەکەونە چوارچێوەی توێژینەوەکەوە ، بۆیە توێژەران ژمارەیەکی گونجاو وەردەگرن وەك نمونەی توێژینەوەکە گوزارشت لەو کۆمەڵگەیە بکەن[3] .

لەبەرئەوەی توێژەران ژمارەیەکی گونجاو وەردەگرن وەك نمونەی توێژینەوەکە کەگوزارشت لەو کۆمەڵگەیە بکات ، چونکە وەرگرتنی هەمو کۆمەڵگا کات و توانای زۆری دەوێت ، ئەستەمیشە لە چوارچێوەی توێژینەوەیەکی زانستیدا ببینرێت ، هەر بۆیە ژمارەیەکی گونجاومان وەرگرتوە ، کۆمەڵگای توێژینەوەکەمان پێکهاتووە لە ٢ خوێندنگا (ئامادەی هەڵکەوتی کوڕان ، قوتابخانەی مهابادی بنەڕەتی کچان) .

---

(١) عامر قندليجى ، البحث العلمي و إستخدام مصادر المعلومات التقليدية والألكترونية ، الطبعة الأول ، دارالينازورى العلمية للنشر وتوزيع ، االأردن ، ٢٠٠٢ ، ص٣٤ .

(٢) أحسان محمد الحسن ، طروق البحث الأجتماعي ، دارالكتب الطباعة والنشر ، بغداد ، ١٩٨٢ ، ص١٥٦ .

(٣) عبدالباسط محمد الحسين ، أصول البحث الأجتماعي ، الطبعة الثالثة ، مكتبة الأنجلو المصرية ، القاهرة ، ١٩٧٣ ، ص٤٠٥ .

### ٣. نمونەی توێژینەوەکە :

نمونەی توێژینەوە بریتیە لە نمونەیەك لە یەکەکانی کۆمەڵگای بنەڕەتی توێژینەوە ، کە لەڕووی سیفەت و خەسڵەتەوە هاوبەشن[١] .

ئەو نمونەیەی خوێندکاران وەریان گرتووە لەم توێژینەوەیەدا بریتیە لە (نموونەی هەڕەمەکی مەبەستدار) (العنیە العشوائیة) هەڵبژاردنی ئەم جۆرە نمونەیە هەل بۆ توێژەر دەڕەخسێنێت ، کە بەشێوەیەکی یەکسانی هەمو تاکەکانی کۆمەڵگا وەربگرێت و ١٠٠ فۆرمی توێژینەوەمان بەکارهێناوە .

### ٤. بواری توێژینەوەکە :

١. بواری مرۆیی : مەبەست لە بواری مرۆیی دیاری کردنی ئەندامەکانە یان ئەو کۆمەڵە کەسانەیە کە دەبنە کۆمەڵگای توێژینەوەکە ، کە بریتیە لە خوێندکارانی ( ئامادەیی هەڵکەوتی کوڕان) و (قوتابخانەی مهابادی بنەڕەتی کچان) کە ژمارەیان (١٠٠) خوێندکارە لە هەردوو ڕەگەزی (نێر و مێ) .

٢. بواری شوێنی : مەبەست لەبواری شوێنی ئەو شوێن و جێگایەیە کە توێژینەوەکەی تیادا ئەنجام دەدرێ ، وەشوێنی جوگرافیای توێژینەوەکەمان بریتیە لە سنوری شاری سلێمانی .

٣. بواری کاتی : مەبەست لەئەو ماوەو کاتەیە کە تایبەتە بە ئەنجام دانی توێژینەوەکە و ماوەی توێژینەوە کەمان لە (١ / ١٢ / ٢٠٠٩) وە دەستی پێکردوە بۆ ( ١٩ / ٥ / ٢٠١٠).

### ٥. ئامڕازە ئامارییەکانی توێژینەوەکە :

ڕێژەی سەدی یەکێکە لە ئامڕازە ئامارییەکان ، وەئەم ئامڕازە سودمەندە بۆ دیاری کردنی ڕێژەی هەربەشێك و دیاری کردنی ڕێژەکە بۆ گەیشتن بە ئەنجامی ڕاست و دروست .

بە پێی ئەم یاسایە :

$$\text{ڕێژەی سەدی} = \frac{\text{بەش}}{\text{گشت}} \times ١٠٠$$ [٢]

---

[١] عامر قندلیجی ، البحث العلمي و إستخدام مصادر المعلومات التقلیدیة والألکترونیة ، سەرچاوەی پێشوو ، ص٣٤ .

[٢] د. احسان محمد ، د. عبدالمنعم الحسن، طرق البحث الاجتماعي ، دارالکتب للطباعة والنشر، جامعة الموصل ، بغداد ، ١٩٨٢ ، ص١٥١ .

## ٦. کەرەستەکانی توێژینەوەکە :

مەبەست لەو ئامڕازو کەرەستانەیە کەلە توێژینەوەکەدا بەکاردێت لە لایەن توێژەرەوە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لە بارەی بابەتی توێژینەوەکەوە .

کەرەستەکانی توێژینەوەکەمان بریتیەیە لە :-

١. فۆرمی ڕاپرسی : پێك دێت لە کۆمەڵێك پرسیار کە هەندێکیان کراوەو هەندێکیان داخراون ، وەهەندێکیان پەیوەستن بە ڕاستیەکانەوە هەندێکی تریان پەیوەستن بە ڕاو بۆچون و هەڵوێستەکان ، هەندێکیان گشتی و هەندێکی تریان تایبەتمەندن[1] .

٢. فۆرمی (الأستطلاعي) : یەکێکە لەو ئامڕازانەی کە توێژەر پشتی پێ دەبەستێت بۆ زانینی ڕادەی هەبوون و نەبوونی ئەو گرفتە یاخود دیاردەی کەدەیەوێت لێکۆڵینەوەی لەبارەوە بکات ، ئێمەش بۆ زانینی ڕادەی بونی ئەم کێشەیە سودمان لەم کەرەستەیە وەرگرتووە .

هەردوو خوێندکار هەستان بە دابەشکردنی فۆرمەکە بەسەر ژمارەیەك لە خەڵکی کە هەشت کەسیان مامۆستاو پسپۆڕ بوون لە بواری کۆمەڵناسی و دەرونزانی و شەش کەسیان پسپۆڕ سەبارەت بە بابەتی توێژینەوەکە ، وەهەروەها لەپاش دروستکردنی فۆرمی ڕاپرسی هەردوو خوێندکار هەستان بە دابەشکردنی چەند فۆرمێك بەسەر مامۆستاو پسپۆڕی شارەزا لە بوارە جیاوەزەکانی زانستی کۆمەڵناسیدا ، بۆ هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەی هەڵەو کەم کورتیەکانی فۆرمی ڕاپرسی ، لە دوای دەست نیشان کردنی هەڵەو کەم و کوڕیەکان هەردوو خوێندکار هەستان بە داڕشتنەوەی پرسیارەکانی فۆرمی ڕاپرسی و پاشان دابەش کردنی بەسەر نمونەی توێژینەوەکەدا ، کە لەپاشکۆی ژمارە (     )دا ناوی ئەو پسپۆڕانە ئاماژەی پێکراوە کە هەڵسەنگاندنیان بۆ فۆرمی ڕاپرسی کردوە .

## ٧. گریمانەی توێژینەوە :

گریمان گوزارشتە لە هەڵێنجانێك کە پشت بەکۆمەڵێك ڕاستی دەبەستێت کە دەتوانرێت لە ڕێگەیەوە بگەینە بوونی شتێك یاخود ئاشنایی هۆکارەکانی دیاردەیەك ببین بەبێ بوونی کۆمەڵگەی بابەتی بۆی ، گریمان لە زانستدا ئەو کاتە دەردەکەوێت کە هۆکاری دیاردەکان دیارنەبن و پەیوەندی لە نێوانیان ڕوون و ئاشکرا نە بێت [2] .

---

[1] أحسان محمد ، الأسس العلمية لمناهج البحث الأجتماعي ، الطبعة الثالثة ، دارالطليعة ، بيروت ، ١٩٩٤ ، ص٦٥ .

[2] د. احسان محمد الحسن ، موسوعة علم الاجتماع ، دار العربية للموسوعات ، لبنان ، سنة ، ١٩٩٩ ، ص٥٥٩ .

١. زۆربەی هەرزەکاران بە هۆی چاولێکەریەوە مۆبایل بە کاردەهێنن .

٢. مۆبایل کاریگەری هەیە لەسەر پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی هەرزەکار .

٣. مۆبایل بۆتە هۆی دروست بوونی پەیوەندی لە نێوان هەردوو ڕەگەزدا .

٤. هەرزەکاران بە هۆی نەبوونی رۆشنبیریەوە خراپ مۆبایل بەکاردەهێنن .

٥. ئاستی چاودێری خێزانەکان بۆ بەکارهێنانی مۆبایل لە ئاستێکی باشدایە .

## باسی دووەم : خستنەڕووی ئەنجامەکانی توێژینەوە

### خشتەی خستنەڕووی زانیارییەکان

### تەوەرەی یەکەم : زانیاری گشتی

**خشتەی (١)**

**ڕەگەزی تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە ڕوون دەکاتەوە**

| ڕەگەز | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| نێر | ٥٠ | ٥٠ ٪ |
| مێ | ٥٠ | ٥٠ ٪ |
| کۆی گشتی | ١٠٠ | ١٠٠ ٪ |

لە خشتەی ژمارە (١) ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە ڕێژەی ٥٠٪ بۆ هەردوو ڕەگەز نێر و مێ وەرگیراون وەك نموونەی توێژینەوەکە .

**خشتەی (٢)**

**تەمەنی تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە ڕوون دەکاتەوە**

| تەمەن | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| ١٢ – ١٤ | ٨ | ٨ ٪ |
| ١٥ – ١٧ | ٧٨ | ٧٨ ٪ |
| ١٨ – ٢٠ | ١٤ | ١٤ ٪ |
| کۆی گشتی | ١٠٠ | ١٠٠ ٪ |

خشتەی ژمارە (٢) ئەوە دەردەخات کە ڕێژەی ٨٪ کەس تەمەنیان لە نێوان (١٢ – ١٤) ساڵی دایەو ڕێژەی ٧٨٪ کەس تەمەنیان لە نێوان (١٥ – ١٧) ساڵی دایە و ڕێژەی ١٤٪ کەس تەمەنیان لە نێوان (١٨ – ٢٠) ساڵی دایە ، لێرەوە دەردەکەوێت کە بەرزترین ڕێژە ٧٨٪ کەس تەمەنیان لە نێوان (١٥ – ١٧) ساڵی دایە .

**خشتەی (٣)**

**ئاستی خوێندنی تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە**

| ئاستی خوێندن | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بنەڕەتی | ٥٠ | ٪ ٥٠ |
| ئامادەیی | ٥٠ | ٪ ٥٠ |
| کۆی گشتی | ١٠٠ | ٪ ١٠٠ |

**خشتەی ژمارە (٣) ئەوە دەردەخات کە بەڕێژەی ٥٠٪ بۆ هەردوو ئاستی خوێندنی بنەڕەتی و ئامادەیی وەك نموونەی توێژینەوەکە وەرگیراون .**

**خشتەی (٤)**

**شوێنی نیشتەجێبوونی تاکەکانی نموونەی توێژینەوە**

| شوێنی نیشتەجێ بوون | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| شار | ١٠٠ | ٪ ١٠٠ |
| دەرەوەی شار | ــــــ | ــــــ |
| قەزا | ــــــ | ــــــ |
| ناحیە | ــــــ | ــــــ |
| کۆی گشتی | ١٠٠ | ٪ ١٠٠ |

**خشتەی ژمارە (٤) شوێنی نیشتەجێ بوونی تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە ڕوون دەکاتەوە کە بەڕێژەی ١٠٠٪ کە ١٠٠کەسن خەڵکی شارن ، ئەمەش بەهۆی ئەوەی ئەو دوو خوێندنگایەی وەك نموونەیەك بۆ توێژینەوەکە وەرگیراوی لەناو شاری سلێمانیدان و هەروەها بەهۆی کۆچ کردنی بەردەوامی شوێنەکانی تر بۆ شارو نێشتەجێ بونیان لەناو شاردا .**

**خشتەی (٥)**

**جۆری نیشتەجێبوونی تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە**

| جۆری نیشتەجێ بوون | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| موڵك | ٨٢ | ٨٢ ٪ |
| حکومی | ــــ | ــــ |
| کرێ | ١٤ | ١٤ ٪ |
| هی تر | ٤ | ٤ ٪ |
| کۆی گشتی | ١٠٠ | ١٠٠ ٪ |

لەخشتەی ژمارە (٥)دا دەردەکەوێت کە ڕێژەی ٨٢٪ کەس لە تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە لە موڵکی خۆیاندا نیشتەجێن و بەڕێژەی ١٤٪ کەس لە نموونەی توێژینەوەکە کرێچین و بەڕێژەی ٤٪ کەس لە نموونەی توێژینەوە لە شێوازی تری نیشتەجێ بوندا نیشتەجێن ، بەڵام هیچ کەس لە تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە لە جۆری حکومی‌دا نیشتەجێ نین .

**خشتەی (٦)**

**ئاستی ئابووری تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە**

| ئاستی ئابووری | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| زۆرباش | ١٠ | ١٠ ٪ |
| باش | ٥٠ | ٥٠ ٪ |
| ناوەند | ٣٦ | ٣٦ ٪ |
| خراپ | ٤ | ٤ ٪ |
| کۆی گشتی | ١٠٠ | ١٠٠ ٪ |

خشتەی ژمارە (٦) ئاستی ئابووری نموونەی توێژینەوەکە دەردەکات کە بەڕێژەی ١٠٪ کەس لەتاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە ئاستی ئابوریان زۆرباشەو ڕێژەی ٥٠٪ کەس لە تاکەکانی نموونەی توێژینەوە ئاستی ئابوریان باشەو بەڕێژەی ٣٦٪ کەس لەتاکەکانی نموونەی توێژینەوە ئاستی ئابووریان ناوەندەو ڕێژەی ٤٪ کەس لە تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە ئاستی ئابووریان خراپە .

زۆرترین ڕێژەکە ٥٠٪ کەسە ئاستی ئابووریان باشە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئاستی‌ئابووری بەرەو باشی رۆشتوە .

**خشتەی (٧)**

**ژمارەی ئەندامانی خێزانی تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە**

| ژمارەی ئەندامانی خێزان | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| ٣ – ٥ | ٤٢ | ٪ ٤٢ |
| ٦ – ٨ | ٤٦ | ٪ ٤٦ |
| ٩ – ١١ | ١٢ | ٪ ١٢ |
| کۆی گشتی | ١٠٠ | ٪ ١٠٠ |

**لەخشتەی ژمارە (٧)دا بۆمان دەردەکەوێت کە تاکەکانی نموونەی توێژینەوە بەڕێژەی ٤٢٪ ژمارەی ئەندامەکانی خێزانیان لە نێوان (٣ – ٥) کەسدایە و بەڕێژەی ٤٦٪ ژمارەی ئەندامەکانی خێزانیان لە نێوان (٦ – ٨) کەسدایە و بەڕێژەی ١٢٪ ژمارەی ئەندامەکانی خێزانیان لە نێوان (٩ – ١١) کەسدایە .**

**لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە بەڕێژەی ٤٦٪ لەتاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە کەزۆرترین ڕێژەیە ژمارەی ئەندامەکانی خێزانیان لەنێوان (٦ – ٨) کەسدایە .**

**خشتەی (٨)**

**ئاستی خوێندەواری باوکی تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە**

| ئاستی خوێندەواری باوک | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بنەڕەتی | ٥٦ | ٥٦ ٪ |
| ئامادەیی | ٢٦ | ٢٦ ٪ |
| زانکۆ | ٤ | ٤ ٪ |
| پەیمانگا | ٤ | ٤ ٪ |
| ماستەر و دکتورا | ٢ | ٢ ٪ |
| نەخوێندەوار | ٨ | ٨ ٪ |
| کۆی گشتی | ١٠٠ | ١٠٠ ٪ |

لەخشتەی ژمارە (٨)دا دەردەکەوێت کەئاستی خوێندەواری باوکی تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە بەڕێژەی ٥٦٪ ئاستی بنەڕەتی‌یەو بەڕێژەی ٢٦٪ ئامادەیی‌یەو بەڕێژەی ٤٪ دەرچووی زانکۆن و بەڕێژەی ٤٪ دەرچووی پەیمانگان و تەنیا بەڕێژەی ٢٪ ماستەرو دکتوران و ئاستی نەخوێندەواریش بەڕێژەی ٨٪ ، لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە بەڕێژەی ٥٦٪ لەتاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە کە زۆرترین ڕێژەی ئاستی خوێندەواری باوکیان لەئاستی بنەڕەتی دایە .

**خشتەی (٩)**

**ئاستی خوێندەواری دایکی تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە**

| ئاستی خوێندەواری دایك | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بنەڕەتی | ٤٦ | ٤٦ ٪ |
| ئامادەیی | ١٢ | ١٢ ٪ |
| زانكۆ | ٤ | ٤ ٪ |
| پەیمانگا | ٦ | ٦ ٪ |
| ماستەر و دكتورا | ــــ | ــــ |
| نەخوێندەوار | ٣٢ | ٣٢ ٪ |
| كۆی گشتی | ١٠٠ | ١٠٠ ٪ |

لەخشتەی ژمارە (٩)دا دەردەكەوێت كەئاستی خوێندەواری دایكی تاكەكانی نموونەی توێژینەوەكە بەڕێژەی ٤٦٪ ئاستی خوێندنی بنەڕەتیيەو بەڕێژەی ١٢٪ ئاستی ئامادەیيیەو بەڕێژەی ٤٪ ئاستی زانكۆ و بەڕێژەی ٦٪ ئاستی پەیمانگاو بە ڕێژەی ٣٢٪ نەخوێندەوارە ، بەڵام هیچ ڕێژەیەكی خوێندنی ماستەرو دكتۆرای تیاذیيە .

لێرەوە بۆمان دەردەكەوێت كە بەڕێژەی ٤٦٪ لە تاكەكانی نموونەی توێژینەوەكە كەزۆرترین ڕێژەی ئاستی خوێندەواری دایكیان لە ئاستی خوێندنی بنەڕەتیدایە .

**تەوەری دووەم : زانیاری تایبەت**

**خشتەی (١٠)**

**هۆکاری بەکارهێنانی مۆبایل لەلایەن تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە**

| جۆری وەڵام | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| پێویستی | ٣٥ | ٣٥ ٪ |
| چاولێکەری | ٤٠ | ٤٠ ٪ |
| کات بەسەربردن | ٢٥ | ٢٥ ٪ |
| کۆی گشتی | ١٠٠ | ١٠٠ ٪ |

**خشتەی ژمارە (١٠) ڕوونی دەکاتەوە کە هۆکاری بەکارهێنانی مۆبایل لەلایەن تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە بەڕێژەی ٣٥٪ هۆکاری پێویستیەو بەڕێژەی ٤٠٪ بەمەبەستی چاولێکەرییەو بەڕێژەی ٢٥٪ بۆ کات بەسەربردنە .**

**لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە بەڕێژەی ٤٠٪ کە زۆرترین ڕێژەیە لە تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە بەهۆی چاولێکەرییەوە مۆبایل بەکاردێنن .**

**خشتەی (١١)**

**ماوەی بەکارهێنانی مۆبایل لەلایەن تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە**

| جۆری وەڵام | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| کەمتر لەیەک ساڵ | ٢٠ | ٢٠ ٪ |
| (١ – ٢) ساڵ | ١٦ | ١٦ ٪ |
| ٢ ساڵ زیاتر | ٦٤ | ٦٤ ٪ |
| کۆی گشتی | ١٠٠ | ١٠٠ ٪ |

**خشتەی ژمارە (١١) ماوەی بەکارهێنانی مۆبایل ڕوون دەکاتەوە لەلایەن لەلایەن تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە بەڕێژەی ٢٠٪ کەمتر لەیەک ساڵ مۆبایل بەکاردەهێنن و بە ڕێژەی ١٦٪ ماوەی (١ –٢) ساڵێك مۆبایل بەکاردەهێنن و بەڕێژەی ٦٤٪ ٢ساڵ زیاتر مۆبایل بەکاردەهێنن .**

**ئەمەش ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە ژمارەیەکی زۆر لەتاکەکانی نموونەی توێژینەوە لە ٢ساڵ زیاتر مۆبایل بەکاردەهێنن کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ باش بونی باری گوزەرانی خەڵك و پێویستی خەڵك بە مۆبایل .**

**خشتەی (١٢)**

**خاوەنداریێتی بەکارهێنانی مۆبایل لەلایەن تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە**

| جۆری وەڵام | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| خۆم | ٦٦ | ٦٦ ٪ |
| خێزانەکەم | ٣٤ | ٣٤ ٪ |
| هاوڕێکەم | ــــــ | ــــــ |
| کۆی گشتی | ١٠٠ | ١٠٠ ٪ |

**خشتەی ژمارە (١٢) ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە بەڕێژەی ٦٦٪ ئەو مۆبایلەی لەلایەن تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکەوە بەکاردێت هی خۆیانەو بەڕێژەی ٣٤٪ هی خێزانەکەیانە ، هیچ ڕێژەیەك نەبوو لەلایەن تاکەکانەوە بۆ بەکارهێنانی مۆبایلی هاوڕێکەیان .**

**ئەمە ئەوە دەرئەخات کە بەڕێژەی ٦٦٪ کە زۆرترین ڕێژەیە تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە خاوەنی مۆبایلی خۆیانن ئەمەش وەك پێویستیەك و لەهەمان کاتدا وەك چاولێکەری دەردەکەوێت .**

**خشتەی (١٣)**

**چەندێتی ئامێری مۆبایل لەناو خێزانەکانی نموونەی توێژینەوەکە دیاری دەکات**

| جۆری وەڵام | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| تەنها باوك | ٦ | ٦ ٪ |
| باوك و دایك | ٣٨ | ٣٨ ٪ |
| هەموویان | ٥٦ | ٥٦ ٪ |
| هیچیان | ــــــ | ــــــ |
| کۆی گشتی | ١٠٠ | ١٠٠ ٪ |

**خشتەی ژمارە (١٣) ئاماژە ئەدات بە بەکارهێنانی مۆبایل لەلایەن خێزانەکانی تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە کە بەڕێژەی ٦٪ تەنها باوك مۆبایلی پێیە وبەڕێژەی ٣٨٪ دایك وباوك مۆبایلیان پێیە لە خێزاندا ، بەڕێژەی ٥٦٪ هەموو ئەندامەکانی خێزانەکە مۆبایلیان پێیە ، وەهیچ ڕێژەیەك نەبوو کەهیچ کەس لە ئەندامەکانی خێزان مۆبایلی پێی نەبێت .**

**لێرەوە دەردەکەوێت کە بەرزترین ڕێژەی ٥٦٪ کەهەموو ئەندامەکانی خێزان مۆبایلیان پێیە هۆکاری ئەمەش باش بوونی ئاستی ئابووری پێویستیە بە مۆبایل .**

**خشتەی (١٤)**

**ڕەزامەندی خێزانی تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە**

| جۆری وەڵام | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٩٤ | ٩٤ ٪ |
| نەخێر | ٦ | ٦ ٪ |
| کۆی گشتی | ١٠٠ | ١٠٠ ٪ |

**خشتەی ژمارە (١٤) ئاماژەیە بۆسەر ڕەزامەندی خێزانەکان لە بەکارهێنانی مۆبایل لەلایەن تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە بەڕێژەی ٩٤٪ لەسەر ڕەزامەندی خێزانەو بەڕێژەی ٦٪ بەبێ ڕەزامەندی خێزانە .**

**لێرەوە دەردەکەوێت کەزۆربەی خێزانەکان بە ڕێژەی ٩٤٪ ڕەزامەندن لە بەکارهێنان مۆبایل مۆبایل لەلایەن تاکەکانی نموونەی توێژینەوە .**

**خشتەی (١٥)**

**ئاستی چاودێری خێزانەکان بۆ تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە**

| جۆری وەڵام | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٤٦ | ٤٦ ٪ |
| تاڕادەیەك | ٣٤ | ٣٤ ٪ |
| نەخێر | ٢٠ | ٢٠ ٪ |
| کۆی گشتی | ١٠٠ | ١٠٠ ٪ |

**خشتەی ژمارەی (١٦) ئاستی چاودێری خێزانەکان ڕوون دەکاتەوە لەبەرامبەر بەکارهێنانی مۆبایل لەلایەن تاکەکانی نموونەی توێژینەوە ، کە بەڕێژەی ٤٦٪ وەڵامیان بە بەڵێیەو بەڕێژەی ٣٤٪ تاڕادەیەك چاودێری دەکرێت و بەڕێژەی ٢٠٪ وەڵامیان نەخێرە بۆ چاودێری خێزانەکانیان .**

**لێرەوە دەردەکەوێت کەخێزانەکان تائاستێکی زۆر کە ڕێژەی ٤٦٪ چاودێری بەکارهێنانی مۆبایل دەکەن لەلایەن تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە .**

**خشتەی (١٦)**

**ئاستی هۆشیاری خێزانەکان بۆ تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە**

| جۆری وەڵام | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| زۆر | ٦٤ | ٦٤ ٪ |
| کەم | ٢٨ | ٢٨ ٪ |
| هیچ | ٨ | ٨ ٪ |
| کۆی گشتی | ١٠٠ | ١٠٠ ٪ |

**لەخشتەی ژمارە (١٦)وە دەردەکەوێت کە ئاستی پێدانی هۆشیاری خێزانەکان بۆ تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە بە ڕێژەی ٦٤٪ تا ئاستێکی زۆرەو بەڕێژەی ٢٨٪ ئاستێکی کەمەو بەڕێژەی ٨٪ ی خێزانەکان هیچ هۆشیارییەکیان نەداوە بە تاکەکانی سەبارەت بە بەکارهێنانی مۆبایل .**

**لێرەوە دەردەکەوێت کە بەرزترین ئاستی پێدانی هۆشیاری خێزانەکان ٦٤٪ ئەمەش بەهۆی هۆشیار بوونی خەڵك لە چۆنێتی بەکارهێنانی ئەم ئامێرە .**

**خشتەی (١٧)**

**بواری بەکارهێنانی مۆبایل لەلایەن تاکەکانی نموونەی توێژینەوە**

| جۆری وەڵام | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| لەقوتابخانە | ٤ | ٤ ٪ |
| لە دەرەوەی ماڵ | ١٨ | ١٨ ٪ |
| لایهاوڕێیانی کۆڵان | ١٢ | ١٢ ٪ |
| فۆڕمی سپی | ٦٦ | ٦٦ ٪ |
| کۆی گشتی | ١٠٠ | ١٠٠ ٪ |

**خشتەی ژمارە (١٧) ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە بەڕێژەی ٤٪ ی تاکەکانی نموونەی توێژینەوە لە قوتابخانەدا مۆبایل بەکاردێنن و بەڕێژەی ١٨٪ لە دەرەوەی ماڵ و بەڕێژەی ١٢٪ لەلای هاوڕێیانی کۆڵان مۆبایل بەکاردەهێنن ، بەڕێژەی ٦٦٪ ئەوانەن کەهیچ وەڵامێکیان هەڵنەبژاردوە کە بەرزترین ڕێژەیە بۆ ئەوانەی کە لەناو خێزانەکانیاندا بواری بەکارهێنانی مۆبایلیان هەیە .**

**خشتەی (١٨)**

**دروست کردنی پەیوەندی لەڕێگەی مۆبایلەوە لەلایەن تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە**

| جۆری وەلام | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٣٨ | ٣٨ ٪ |
| نەخێر | ٦٢ | ٦٢ ٪ |
| کۆی گشتی | ١٠٠ | ١٠٠ ٪ |

**لە خشتەی ژمارە (١٨)وە دەردەکەوێت کە بەڕێژەی ٣٨٪ ی تاکەکانی نموونەی توێژینەوە لەڕێگەی مۆبایلەوە پەیوەندیان لەگەڵ کەسانی تردا دروست کردوەو بەڕێژەی ٦٢٪ کە بەرزترین ڕێژەیە ئاماژە بەوە دەدەن کە مۆبایل نەبۆتە هۆی دروست بوونی پەیوەندی لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەردا .**

**خشتەی (١٩)**

**بەباش زانینی بەکارهێانی مۆبایل لەلایەن تاکەکانی نموونەی توێژینەوە**

| جۆری وەلام | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ١٦ | ١٦ ٪ |
| تاڕادەیەك | ٥٢ | ٥٢ ٪ |
| نەخێر | ٣٢ | ٣٢ ٪ |
| کۆی گشتی | ١٠٠ | ١٠٠ ٪ |

**لەخشتەی ژمارە (١٩)وە بۆمان دەردەکەوێت کە بەڕێژەی ١٦٪ کەس لە تاکەکانی نموونەی توێژینەوە پێیان باشە مۆبایل لەتەمەنی هەرزەکاریدا بەکاربێت و بە ڕێژەی ٥٢٪ تاڕادەیەك پێیان باشەو بەڕێژەی ٣٢٪ پێیان باش نییە لە تەمەنی هەرزەکاریدا مۆبایل بەکاربێت .**

**بەرزترین ڕێژە ٥٢٪ کە تاڕادەیەك پێیان وایە مۆبایل لە تەمەنی هەرزەکاریدا باشە ئەمەش لەبەرئەوەی وەك پێویستییەکی ڕۆژانەی لێهاتوەو لە هەمان کاتیشدا گەر ووشیاریت لە بەکرهێنانیدا نەبێت لە وانەیە بەهۆیەوە توشی کێشە ببێت .**

**خشتەی (٢٠)**

**گرانبەهای مۆبایل لەلایەن تاکەکانی نموونەی توێژینەوە**

| ڕێژەی سەدی | دووبارە بوونەوە | جۆری وەلاّم |
|---|---|---|
| ٥٦ ٪ | ٥٦ | بەڵێ |
| ٤٤ ٪ | ٤٤ | نەخێر |
| ١٠٠ ٪ | ١٠٠ | کۆی گشتی |

لەخشتەی ژمارە (٢٠)وە ڕوون دەبێتەوە کە بەڕێژەی ٥٦٪ ی تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە پێیان باشە مۆبایلەکەیان گران بەهابێت ، وەبەڕێژەی ٤٤٪ پێیان باش نیە مۆبایلەکەیان گران بەهابێت لەوانەیە هۆکاری ئەمەش بەڕادەیەکی زۆر چاولێکەری بێت .

**خشتەی (٢١)**

**گۆڕینی مۆبایل لەلایەن تاکەکانی نموونەی توێژینەوە**

| ڕێژەی سەدی | دووبارە بوونەوە | جۆری وەلاّم |
|---|---|---|
| ٦ ٪ | ٦ | یەک جار |
| ٢٠ ٪ | ٢٠ | دوو جار |
| ٣٨ ٪ | ٣٨ | سێ جارو زیاتر |
| ٣٦ ٪ | ٣٦ | نەمگۆڕیوە |
| ١٠٠ ٪ | ١٠٠ | کۆی گشتی |

خشتەی ژمارە (٢١) ئەوە دەردەخات کە ڕێژەی ٦٪ ی تاکەکانی نموونەی توێژینەوە یەک جار مۆبایلیان گۆڕیوەو ٢٠٪ دووجار مۆبایلیان گۆڕیوەو ٣٨٪ کە بەرزترین ڕێژەیە سێجارو زیاتر مۆبایلیان گۆڕیوە و ڕێژەی ٣٦٪ مۆبایلیان نەگۆڕیوە .

**خشتەی (٢٢)**

**هۆكاری گۆڕینی مۆبایل لەلایەن تاكەكانی نموونەی توێژینەوە**

| جۆری وەلاّم | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بلوتوسی | ٤٠ | ٪ ٤٠ |
| ئەنتەرنێت | ٤ | ٪ ٤ |
| مۆدێلی بەرزتر | ١٨ | ٪ ١٨ |
| حەزی گۆڕین | ٢٤ | ٪ ٢٤ |
| هتد | ١٤ | ٪ ١٤ |
| كۆی گشتی | ١٠٠ | ٪ ١٠٠ |

**خشتەی ژمارە (٢٢) ڕوونی دەكاتەوە كە بەڕێژەی ٤٠٪ ی تاكەكانی نموونەی توێژینەوەكە كە بەرزترین ڕێژەیە بۆ بلوتوسی مۆبایلەكەیان گۆڕیوەو بەڕێژەی ٤٪ بۆ ئەنتەرنێت و بەڕێژەی ١٨٪ بۆ مۆدێلی بەرزترو بەڕێژەی ٢٨٪ تەنیا لەبەر حەزی گۆڕین بوەو بەڕێژەی ١٤٪ هۆكاری تریان دیاری كردوە بۆ گۆڕینی مۆبایلەكەیان .**

**خشتەی (٢٣)**

**ژمارەی بەكارهێنانی كارتی مۆبایل لەماوەی یەك مانگدا لەلایەن تاكەكانی نموونەی توێژینەوە**

| جۆری وەلاّم | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| ١ كارت | ٤٠ | ٪ ٤٠ |
| ٢ كارت | ٤٢ | ٪ ٤٢ |
| ٣ كارت و زیاتر | ١٨ | ٪ ١٨ |
| كۆی گشتی | ١٠٠ | ٪ ١٠٠ |

**خشتەی ژمارە (٢٣) ژمارەی كارتی بەكارهێنراو لە ماوەی یەك مانگدا لەلایەن تاكەكانی نموونەی توێژینەوە ڕوون دەكاتەوە كە بەڕێژەی ٤٢٪ یەك كارت بەكاردێنێت و بەڕێژەی ٤٠٪ دووكارت بەكاردێنێت و بەڕێژەی ١٨٪ زیاتر لەسێ كارت بەكاردێنێت .**

**خشتەی (٢٤)**

**مەبەستی بەکارهێانی مۆبایل لەلایەن تاکەکانی نموونەی توێژینەوە**

| ڕێژەی سەدی | دووبارە بوونەوە | جۆری وەلام |
|---|---|---|
| ٥٤ ٪ | ٥٤ | پەیوندی کردن |
| ٢٠ ٪ | ٢٠ | گۆرانیو میوزیك |
| ١٠ ٪ | ١٠ | وەرگرتنی بابەتی نوێ |
| ١٦ ٪ | ١٦ | هیتر |
| ١٠٠ ٪ | ١٠٠ | کۆی گشتی |

خشتەی ژمارە (٢٤) مەبەستی بەکارهێنانی مۆبایل لەلایەن تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە ڕوون دەکاتەوە ، کە بەڕێژەی (٥٤٪) بەمەبەستی پەیوەندی کردن بەکاری دێنن و بەڕێژەی (٢٠٪) بۆ گۆرانی و میوزیك بەکاری دێنن و بەڕێژەی (١٠٪) بۆ وەرگرتنی بابەتی نوێ بەکاری دێنن و بەڕێژەی (١٦٪) بۆ هۆکاری تر مۆبایل بەکاردێنن .

**خشتەی (٢٥)**

**زیاتر بەکارهێنانی لایەنەکانی مۆبایل لەلایەن تاکەکانی نموونەی توێژینەوە**

| ڕێژەی سەدی | دووبارە بوونەوە | جۆری وەلام |
|---|---|---|
| ٢٢ ٪ | ٢٢ | یاری کردن |
| ٢٠ ٪ | ٢٠ | بلوتوس |
| ٨ ٪ | ٨ | وێنە گرتن |
| ٣٦ ٪ | ٣٦ | پەیوەندی کردن |
| ١٤ ٪ | ١٤ | هیتر |
| ١٠٠ ٪ | ١٠٠ | کۆی گشتی |

خشتەی ژمارە (٢٦) ئەوە دەردەخات کە تاکەکانی نموونەی توێژینەوە بەڕێژەی (٢٢٪) زیاتر لایەنی یاریکردنی مۆبایل بەکاردێنن و بەڕێژەی (٢٠٪) لایەنی بلوتوسی بەکاردێنن و بەڕێژەی (٨٪) لایەنی وێنەگرتن بەکاردێنن و بەڕێژەی (٣٦٪) بۆ پەیوەندی کردن مۆبایل بەکاردێنن بەڕێژەی (١٤٪) بۆ هۆکاریتر مۆبایل بەکاردەهێنن .

**خشتەی (٢٦)**

**هۆی خراپ بەکارهێنانی مۆبایل لەلایەن تاکەکانی نموونەی توێژینەوە**

| پێژەی سەدی | دووبارە بوونەوە | جۆری وەڵام |
|---|---|---|
| ٪ ٣٨ | ٣٨ | نەبوونە رۆشنبیری |
| ٪ ٣٠ | ٣٠ | کەمی هۆشیاری کۆمەڵایەتی |
| ٪ ٢٦ | ٢٦ | هەرزانی نرخ |
| ٪ ٦ | ٦ | هیتر |
| ٪ ١٠٠ | ١٠٠ | کۆی گشتی |

خشتەی ژمارە (٢٧) تاکەکانی نموونەی توێژینەوە بەرێژەی (٣٨٪) هۆی خراپ بەکارهێنانی مۆبایل دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی رۆشنبیری و بەرێژەی (٣٠٪) هۆی خراپ بەکارهێنانی مۆبایل دەگەڕێتەوە بۆ کەمە هۆشیاری کۆمەلایەتی و بەرێژەی (٢٦٪) دەگەڕێتەوە بۆ هەرزانی نرخ و بەرێژەی (٦٪) هۆکاری تر دیاری دەکەن بۆ خراپ بەکارهێنانی مۆبایل .

لێرەوە دەردەکەوێت کە بەرزترین رێژە (٣٨٪) کە تاکەکانی نموونەی توێژینەوە دیاریان کردوە کەمی رۆشنبیری تاکەکانی کۆمەڵە سەبارەت بە بەکارهێنانی ئەم ئامێرە .

**خشتەی (٢٧)**

**کاریگەری مۆبایل لەسەر پەیوەندیەکانی تاکەکانی نموونەی توێژینەوە**

| ڕێژەی سەدی | دووبارە بوونەوە | جۆری وەلام |
|---|---|---|
| ٪ ٧٦ | ٧٦ | بەڵێ |
| ٪ ٢٤ | ٢٤ | نەخێر |
| ٪ ١٠٠ | ١٠٠ | کۆی گشتی |

لەخشتەی ژمارە (٢٧)دا دەردەکەوێت کە ڕێژەی ٧٦٪ ی تاکەکانی نموونەی توێژینەوە پێیان وایە بەکارهێنانی مۆبایل کاردەکاتە سەر بەهێزی و بێهێزی پەیوەندیە کۆمەلایەتیەکان ، رێژەی ٢٤٪ تاکەکانی نموونەی توێژینەوە پێیان وایە کە بەکارهێنانی مۆبایل کاری نەکردۆتە سەر بەهێزی وبێهێزی پەیوەندیە کۆمەلایەتیەکان .

## ((ئەنجامەکان))

١) مۆبایل هەرچەندە وەك پێویستی‌یەکی ڕۆژانەی لێهاتووە بەڕێژەیەکی زۆری هەرزەکاران بەهۆی چاولێکەریەوە بەکاری دەهێنن .

٢) زۆربەی هەرزەکاران کە تەمەنیان لەنێوان (١٥ – ١٧) ساڵی دایە زیاتر لە ٢ساڵە مۆبایل بەکاردەهێنن .

٣) ڕێژەی زۆری هەرزەکاران خاوەنی ئەو مۆبایلەن کە بەکاری دەهێنن .

٤) زۆربەی خێزانەکانی نموونەی لێکۆڵینەوەکە هەموو ئەندامانی خێزانەکە مۆبایل بەکاردێنن .

٥) هەرزەکاران بەڕادەیەکی زۆر لەسەر ڕەزامەندی خێزانەکانیان مۆبایل بە کاردێنن .

٦) خێزانی تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە تاڕادەیەکی زۆر چاودێری هەرزەکاران دەکەن لە بەکارهێنانی مۆبایلدا .

٧) بەهۆی هۆشیار بوونەوەی تاڕادەیەکی خێزانەکان لە بەکارهێنانی مۆبایلدا هەرزەکاران هۆشیاریان پێ ئەدرێت لە بەکارهێنانی مۆبایلدا .

٨) زۆربەی هەرزەکاران لەناو خێزانەکانیاندا بواری بەکارهێنانی مۆبایلیان هەیە .

٩) بەکارهێنانی بۆتە هۆی دروست بوونی پەیوەندی لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر .

١٠) زۆربەی هەرزەکاران تاڕادەیەك بەباشی دەزانن مۆبایل بەکاربێنن .

١١) گرانبەهایی مۆبایل نەبۆتە کێشەی بەردەم هەرزەکاران ، لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی هەرزەکاران ئارەزووی گۆڕینی مۆبایلەکانیان دەکەن .

١٢) بلوتوس هۆی سەرەکی گۆڕینی مۆبایلە لەلایەن هەرزەکارانەوە کە دەبێتە هۆی گواستنەوەی وێنەو گۆرانی و میوزیك و ڤیدۆ ... کە ئەمەش زۆرکات کێشەی کۆمەڵایەتی لێدەکەوێتەوە گەربێتو بە شێوەیەکی دروست بەکارنەیەت .

١٣) **ڕێژەیەکی زۆر هەرزەکاران لە ماوەی مانگێکدا زیاتر لەیەك کارتی بەشداربوو بەکاردەهێنن ، لە وانەیە ئەمەش کاربکاتە سەر ئاستی بژێوی خێزانەکە .**

١٤) **مەبەستی زۆری بەکارهێنانی مۆبایل لەلایەن هەرزەکارانەوە پەیوەندی کردنە ، کە زیاتر بۆ پەیوەندی کردن مۆبایل بەکاردێنن لەوانەیە ئەمەش کار لە کەمبوونەوەی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان بکات .**

١٥) **نەبوونی رۆشنبیری خودی هەرزەکارەکە هۆی سەرەکی خراپ بەکارهێنانی مۆبایلە کە رۆشنبیریەکی ئەوتۆیان لەمەڕ بەکارهێنانی مۆبایل نی‌یە .**

١٦) **ڕێژەیەکی زۆری هەرزەکاران پێیان وایە کە بەکارهێنانی مۆبایل کاری کردۆتە سەر بەهێزی و بێهێزی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانیان .**

## سەلماندنی گریمانەکان

١. زۆربەی هەرزەکاران بە مەبەستی چاولێکەری مۆبایل بە کاردەهێنن وەك لەخشتەی ژمارە (١٠)دا دەردەکەوێت کە بەڕێژەی ٤٠٪ ی نموونەی توێژینەوەکە بۆ مەبەستی چاولێکەری مۆبایل بە کاردەهێنن .

٢. مۆبایل کاریگەری هەیە لەسەر پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی هەرزەکار ، ئەمەش لە خشتەی ژمارە (٢٨)دا دەردەکەوێت کە بەڕێژەی ٧٦٪ ی نموونەی توێژینەوە پێیان وایە کە بەکارهێنانی مۆبایل کاری کردۆتە سەر بە هێزی و بێهێزی و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان .

٣. مۆبایل تاڕادەیەك بۆ تە هۆی دروست بوونی پەیوەندی لە نێوان هەردوو ڕەگەزدا ، ئەمەش لە خشتەی ژمارە (٩)دا دەردەکەوێت کە بەڕێژەی ٣٨٪ی نموونەی توێژینەوە لە ڕێگەی بە کارهێنانی مۆبایلەوە پەیوەندیان لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەردا دروست کردوەو ڕێژەی ٦٢٪ پێیان وایە مۆبایل نەبۆتە هۆی دروست بوونی پەیوەندی لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەردا .

٤. نزمی ئاستی رۆشنبیری سە بارەت بە بەکارهێنانی مۆبایل هۆکاری خراپ بەکارهێنانێتی لەلایەن هەرزەکارانەوە ، وەك لە خشتەی ژمارە (٢٧)دا دەردەکەوێت کە بەڕێژەی ٣٨٪ ی نموونەی توێژینەوەکە بەهۆی نەبوونی رۆشنبیریەکی تەواوەوە مۆبایل وەك پێویست بە کارناهێنن .

٥. ئاستی چاودێری خێزانەکان بۆ بەکارهێنانی مۆبایل لەلایەن هەرزەکارانەوە لە ئاستێکی کەمدایە ، ئەم گریمانەیەمان لەگەڵ ئەنجامی خشتەی ژمارە (١٦) دا وادەرنەچووە چونکە بەڕێژەی ٤٦٪ ی نموونەی توێژینەوەکە پێیان وایە خێزانەکانیان تائاستێکی باش چاودێریان دەکەن وەبەڕێژەی ٢٠٪ پێیان وایە خێزانەکانیان چاودێریان ناکەن لە بەکارهێنانی مۆبایلدا .

## ((پێشنیار و ڕاسپاردەکان))

١. هەوڵدان بۆ بلاوکردنەوەی رۆشنبیری و هۆشیاری لەنێوان هەرزەکاران وەك بەشێك لە کۆمەڵگا بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی دروست سوود لە بەرهەمە تەکنەلۆژیەکان وەربگرن.

٢. پێویستە خێزان و قوتابخانە وەك ئەرکێکی سەرشانیان هەستن بە پێدانی زانیاری دەربارەی هەرئامێرێکی تەکنەلۆژیاو ڕونکرنەوەی سودو زیانەکانی .

٣. دانانی سزا لەلایەن یاساوە بۆ ئەو هەرزەکارانەی کە بەشێوەیەکی نادروست مۆبایل بەکاردێنن و دەبنە هۆی بێزارکردنی کەسانی تر ، بەجۆرێك ئەو سزایە بەپێی تەمەنی هەرزەکاری دیاری بکرێت شوێنەواری خراپتر لەسەر کەسێتی هەرزەکار بەجێ نەهێڵێت .

٤. ڕێگرتن لەکڕین و فرۆشتنی مۆبایل بێ تۆمارکردنی ناوو شوێنی کەسەکان کەدەیکڕن یان دەیفرۆشن بۆئەوەی لەگەڵ ڕوودانی هەر کێشەیەك بەرپرسیار بدۆزینەوە .

٥. داواکردن لە دەزگاکانی ئاسیاسێڵ و کۆڕەك تلیکۆم کەهەستن بە بلاوکردنەوەی هۆشیاری کۆمەلایەتی و رۆشنبیری بەکارهێنانی مۆبایل لەلایەن هاولاتیانەوە بە گشتی و هەرزەکاران بە تایبەتی .

٦. لەسەر حکومەتیش پێویستە کە ڕۆژانە زانیاری رۆشنبیری بلاوبکاتەوە لەسەر بەرهەمەکانی تەکنەلۆجیا .

# ((سەرچاوەکان))

## یەکەم : سەرچاوە عەرەبییەکان :


١- القواصي ، عبدالعزيز ، علم النفس ، اسس و تطبيقاته التربوية ، الطبعة الثامنة ، مكتبة النهضة المصرية ، القاهرة ، سنة ١٩٧٨ .

٢- الدهري ، صالح حسن ، علم النفس الارشادى ، نظرياته واساليبه الحديث ، دارالوائل للنشر والتوزيع ، الاردن ، سنة ٢٠٠٥ .

٣- الحسن ، احسان محمد ، طروق البحث الاجتماعي ، دار الكتب اللطباعة و النشر ، جامعة الموصل ، بغداد ، سنة ١٩٨٢ .

٤- الحسن ، عبدالباسط محمد ، أصول البحث الاجتماعي ، الطبعة الثالثة ، مكتبة الأنجلو المصرية ، القاهرة ، سنة ١٩٧٣ .

٥- جابر ، عبدالحميد جابر ، علم النفس التربوي ، الطبعة الثالث ، دارالنهضة العربية ، قطر دوحة ، سنة ١٩٩٤ .

٦- حداد ، د. صفا ، ابراهيم المهندس سعيد ، الاتصالات ، بدون سنة ومكان مطبعة .

٧- دليو ، فضيل ، الاتصال ، مفاهيمه و نظرياته وسائله ، دارالفجر ، القاهرة ن سنة ٢٠٠٣ .

٨- رؤوف ، د. أسعد ، موسوعة علم النفس ، طبعة الرابعة ، دارالفارس للنشر والتوزيع ، عمان ، سنة ١٩٩٢ .

٩- زهران ، حامد عبدالسلام ، علم النفس الأجتماعي ، طبعة الخامسة ، المناشر عالم الكتب ، القاهرة ، سنة ١٩٨٤ .

١٠- سليم ، شاكر مصطفى ، قاموس الانتروبولوجى ، مطبعة الكويت ، الكويت ، سنة ١٩٨١ .

١١- شريف ، د. أحسان محمد ، المراهقة كمشكلة أجتماعية ، بغداد ، سنة ١٩٩٩ .

١٢- شكارة ، د. عادل عبدالحسين علم الاجتماع ، لا الطبعة و الطابعة ، بغداد ، سنة ١٩٨٩

١٣- صالح ، احمد ذكى ، علم النفس التربوي ، طبعة السابعة ، مكتبة النزمة المصرية ، القاهرة ، سنة ١٩٩٦ .

١٤- عزت ، د. عبدالعزيز ، الجريمة والعلم الاجتماع ، مطبعة القاهرة ، سنة ١٩٥٩ .

١٥- علاونة ، شفيق ، الطفولة (سيكولوجية النمو الانسانى) ، الطبعة الاولى ، دار الفرقان للنشر والتوزيع ، عمان ، سنة ١٩٩٤ .

١٦- عمر ، د. محسن خليل ، العاني ، د. عبداللطيف عبدالحميد ، المشكلات الاجتماعية ، دار الحكمة للطباعة والنشر ، بغداد ، سنة ١٩٩١ .

١٧- عدس ، عبدالرحمن ، قطامي ، نايفة ، مبادئ علم النفس ، الطبعة ثانية ، دار الفكر للطباعة والنشر ، عمان ، سنة ٢٠٠٢ .

١٨- قنديلجى ، عامر ، البحث العلمي و إستخدام مصادر المعلومات التقليدية و الألكترونية ، الطبعة الاولى ، دار اليناوزرى العلمية للنشر والتوزيع ، الأردن ، سنة ٢٠٠٢ .

١٩- كمال ، على ، النفسي (انفعالاتها و امراضها و علاجها) ، الطبعة الثاني ، دار الوسط ، بغداد ، سنة ١٩٨٣ .

٢٠- مارشال ، جوردن ، موسعة علم الأجتماع ، ت . د. أسعد أبوليدة ، الطبعة الاولى ، دار النشر ، عمان ، السنة ١٩٩٩ .

٢١- محمد ، د. أحسان ، الاسى العلمية لمناصج البحث الاجتماعي ، الطبعة الثالثة ، دار الطليعة ، بيروت ، سنة ١٩٩٤ .

٢٢- محمد ، د. احسان ، الحسن ، د. عبدالمنعم ن طروق البحث الاجتماعي ، دار الكتب الطباعة والنشر ، الجامعة الموصل ، بغداد ، سنة ١٩٨٢ .

٢٣- نودى ، د. قيس ، الحسن ، د. عبدالمنعم ، النضريات الاجتماعية ، بغداد ، بدون السنة

٢٤- السامغ ، د. عبدالعزيز ، المرهقة ، مطبعة السجل ، بغداد ، سنة ١٩٦٢ .

**دووەم : سەرچاوە کوردییەکان (کتێبەکان) :**

١- حسن ، ئیحسان محمد سۆسیۆلۆژیا لای مارکس و ماکس فێبەر ، و. دانا مەلا حسن ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، سلێمانی ، ٢٠٠٥ .

٢- ژاڵەیی ، جەلال خەڵەف ، گەشەی منداڵ ، ئەمینداریێتی گشتی رۆشنبیری لاوان یارمەتی لە چاپدانی داوە ، بێ شوێن و ساڵی چاپ .

٣- ژاڵەیی ، جەلال خەڵەف ، منداڵ لە قۆناغی دوامنداڵی و هەرزەکاریدا ، چاپی یەکەم ، وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان ، سلێمانی ، ١٩٨٢ .

٤- شریف عصام بن محمد ، پەیوەندییە تەلەفۆنیەکانی کوڕان و کچان ، و.مسعود حمەموراد ، چاپی گەنج ، سلێمانی ، ٢٠٠٦ .

٥- صادق ، فوادی تاهری ، هۆشیاری کۆمەڵایەتی ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی تیشك ، سلێمانی ، ٢٠٠٨ .

٦- عبدالقادر ، گەشاو ، هەرزەکاران باخۆیان بدوێن ، وەزارەتی رۆشنبیری ، وەزارەتی چاپ و بلاوکردنەوەی سلێمانی ، ٢٠٠٧ .

٧- قەرەچەتانی ، د. کەریم شەریف ، سایکۆلۆژیایی هەرزەکارو لاوان ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر ، ٢٠٠٤ .

٨- قەرەچەتانی ، د. کەریم شەریف ، هەندێك نەخۆشی و گرفتی دەرونی و کۆمەڵایەتی ، بێ شوێنی چاپ ، هەولێر ، ١٩٩٩ .

٩- کۆهین ، بروس ، سەرەتایەك بۆ کۆمەڵناسی ، و. هێمن شەریف ، چاپخانەی چوارچرا ، سلێمانی ، ٢٠١٠ .

**سێیەم : گۆڤارەکان :**

١- حمد ، یوسف عثمان ، پەیوەندییە ئەلکترۆنیەکان و کاریگەری لەسەر پەیوەندییە کۆمەلایەتیەکان ، گۆڤاری گەیاندن ، ژمارە ٥ ، سلێمانی ، ٢٠٠٧ .

٢- سۆران ، د. زاهیر ، مەترسی تەلەفۆن لە مەترسی توتن زیاترە ، گۆڤاری خاك ، سلێمانی ، ژمارە ١٤٠ ، ٢٠٠٩ .

٣- عوسمان ، یوسف ، ئامێری مۆبایل و ڕەشە کوژی ، گۆڤاری گەیاندن ، ژمارە ٢ ، ٢٠٠٧.

٤- غزالی ، نزار ، مۆبایل لە نێوەندەکانی خوێندن ، هەفتەنامەی هەرێم ، ژمارە ٣٧٠ ، سلێمانی ، ٢٠٠٦ .

٥- قەرەداغی ، ئەکرەم ، کچە هەرزەکاری کوردو کێشەو خەسلەتەکانی ، گۆڤاری تەوار ، ژمارە ٢٤ ، چاپخانەی تەوار ، سلێمانی ، ٢٠٠٨ .

٦- کەمال ، ئاڤێستا ، تایبەتمەندییەکانی قۆناغی هەرزەکاری ، گۆڤاری بانگی هەق ، ژمارە٢١ ، سالی دەیەم ، نیسانی ٢٠٠٦ ، چاپخانەی چوارچرا .

٧- گۆڤاری خاك ، مۆبایل تۆوی پیاوان داغان دەکات ، چاپخانەی دلێر ، سلێمانی ، ژمارە ١٥٠ ، ٢٠١٠ .

٨- گۆڤاری خاك ، بەزمی مۆبایل ، چاپخانەی دلێر ، سلێمانی ، ٢٠٠٦ .

٩- لطیف ، ڕۆژگار ، مەترسییەکانی مۆبایل ، گۆڤاری نیگا ، ژمارە ٤ ، ٢٠٠١ .

١٠- موراد ، کەریم ، کۆرەك تیلیکۆم و گرفتە کۆمەلایتیەکان ، هەفتەنامەی گولان ، ژمارە ٦٢٥ ، دەزگای ئاراس ، هەولێر ، ٢٠٠٧ .

**چوارەم : رۆژنامەکان**


١- حسن ، ڕێزە ، مۆبایل هۆکارێکی ترە بۆ زیاد بوونی کێشەی کۆمەڵایەتی ، رۆژنامەی ڕێبازی ئازادی ، ژمارە ٥٩٧ ، سلێمانی ، ٢٠١٠ .

٢- علی ، هادی ، یادی پەنجا ساڵەی دروست کردنی مۆبایل کرایەوە ، ڕۆژنامەی داهێنان ، سلێمانی ، ٢٠٠٧ .

٣- کەمال ، بەفرین ، خوێندکارانی ئامادەیی مۆبایل بۆ پڕکردنەوەی کات بەکاردەهێنن ، رۆژنامەی داهێنان ، ژمارە ١٥٤ ، چاپخانەی کوردستان ، سلێمانی ، ٢٠٠٦ .

٤-رۆژنامەی هاوڵاتی ، لاوان مۆبایلەکانیان پڕدەبێ لەگرتە سێکسیەکان ، ژمارە ٣٨٥ ، چاپخانەی کوردستان ، سلێمانی ، ٢٠٠٨ .

٥- صالح ، فەوزی ، تەلەفونی گوازراوە ، پشوی کوردستانی نوێ ، ژمارە ٣٣ ، سلێمانی ، ٢٠٠٢ .

**پێنجەم : سەرچاوە ئنتەرنێتیەکان**


١- بابەتێك وەرگیراوە لەسەر مۆبایل لە ماڵپەڕی www.wikpedia. org

٢- بابەتێك وەرگیراوە لەسەر هەرزەکاری لە ماڵپەڕی www. Feedo .net

3- بابەتێك وەرگیراوە لەسەر هەرزەکاری لە ماڵپەڕی www. ar- wikipedia.org

٤- بابەتێك وەرگیراوە لەسەر هەرزەکاری لە ماڵپەڕی www. derun. Org

٥- بابەتێك وەرگیراوە لەسەر هەرزەکاری لە ماڵپەڕی www .gullching. com

٦- بابەتێك وەرگیراوە لەسەر هەرزەکاری لە ماڵپەڕی www. xozga.com

٧- بابەتێك وەرگیراوە لەسەر هەرزەکاری لە ماڵپەڕی www.pukcente .org

٨- بابەتێك وەرگیراوە لەسەر مۆبایل لە ماڵپەڕی www.k-zanst.blogspot .com


**شەشەم : چاوپێکەوتن**


١. چاوپێکەوتن لەگەڵ دارا بابارسوڵ ، نوسینگەی ئاسیاسێل ، سلێمانی، ٨/ ٢ / ٢٠١٠.

٢. چاوپێکەوتن لەگەڵ دادوەر ئاراس مجید ، خانەی داد لە سلێمانی ، ١١/ ٤ / ٢٠١٠.

# پاشکۆی (١)

| ژمارە | ناوی پسپۆڕان | نازناوی زانستی | پسپۆڕی |
|---|---|---|---|
| ١ | د. نجاة محمد فرج | مامۆستا | کۆمەڵناسی ڕێکخستن |
| ٢ | م. لوقمان صالح کریم | مامۆستای یاریدەدەر | کۆمەڵناسی تاوان |
| ٣ | پەیمان عبدالقادر | مامۆستای یاریدەدەر | کۆمەڵناسی ڕاگەیاندن |
| ٤ | د. ئەمیر خودا کەرەم محمد | مامۆستا | کۆمەڵناسی سیاسی |